DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.358



Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# کاریگەریی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی لە زیادکردنی خواستی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی «شیکردنەوەیەکی ئابوورییانەیە»

**م.فرهاد نصرالدين رشيد**

بەشی گەشتوگوزار- کۆلێژی بازرگانیی- زانکۆی سلێمانی

farhad.rashid@univsul.edu.iq

## پوختە:

ڕاگەیاندنی گەشتیاریی هۆکارە بۆ زیادبوونی وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیارییدا، و بەشدارە لە ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ و بەهێزکردنی ئابووریی ناوخۆیی، جگە لەوەش ڕاگەیاندنی گەشتیاریی ئەتوانێت داهاتی گەشتیاریی زیاد بکات، کە ئەمەش بەشداریی ئەکات لە زیادکردنی داهاتی نیشتمانی و زیادکردنی پشکی گەشتیاریی لە کۆی بەرهەمی ناوخۆییدا. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە خۆی ئەبینێتەوە لە شیکردنەوەی کاریگەریی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی لە زیادکردنی خواستی گەشتیاریی لەشاری سلێمانی، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە میتۆدی شیکاریی وەسفیی بە بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسیی. و توێژینەوەکە گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێك گرنگترینیان بریتییە لەوەی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی ئەبێتە هۆی زیادکردنی خواستی گەشتیاریی بە ڕێژەیەکی زۆر، واتە هەرکاتێ ڕاگەیاندنی گەشتیاریی زیاد بکات بە ڕێژەی لە ١٠٠٪ خواستی گەشتیاریی زیاد ئەکات بە ڕێژەی (٩٥,١٪). هەروەها توێژینەوەکە پێشنیاریی ئەوە ئەکات گرنگی زیاتر بدرێت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی و ناساندنی ناوچە گەشتیارییەکان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەبەرئەوەی پەیامەکانیان ڕاستەوخۆ و بە ئاسانترین شێوە ئەگات بە گەشتیاران، ئەمەش بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجە ئابوورییەکانی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی.

**کلیلەوشەکان: ڕاگەیاندنی گەشتیاریی، خواستی گەشتیاریی، شاری سلێمانی.**

Recieved: 23/10/2023
Accepted: 10/1/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

لە جیهانی ئەمڕۆدا پرسی گەشتیاریی یەکێکە لەو پرسانەی، کە گرنگی زۆری پێ ئەدرێ لە سەرانسەری جیهاندا و رۆژ لە دوای رۆژ بایەخپێدانی گەشتوگوزار روو لە زیادبوونە، لەبەرئەوەی بە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات دائەنرێ بۆ ئابووریی وڵات، و راگەیاندنی گەشتیارییش لەم بوارەدا رۆڵی ئەرێنی هەیە لە بەرەوپێشبردنی گەشتیاریی ناوخۆیی و دەرەکییدا هەروەها بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداریی ئەکات لە زیادبوونی خواستی گەشتیاریی و بەشدارە لە ئاسانکردنی پرۆسەی دەستەبەرکردنی زانیاریی پێشوەختە و پێدانی وێنەیەکی راستەقینەی ناوچەکە بە گەشتیاران بەشێوەیەکی راستەوخو لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنی گەشتیارییەوە.

شاری سلێمانیش بەهۆی بوونی چەند ناوچەیەکی گەشتیاریی و شوێنەواریی و مێژوویی و سرووشتی سەرچاوەیەکی گەورەی گەشتوگوزارە، کە ئەگونجێ لە رێی راگەیاندنی گەشتیاریی دامەزراوە گەشتیارییەکانەوە بازاڕسازیی بۆ بکرێ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی زیاتر بناسێنرێ بە گەشتیاران و راکێشانی سەرنجیان بە مەبەستی گەشتکردنیان، لەبەرئەوەی سەردانکردنی هەر ناوچەیەکی گەشتیاریی دیاریکراو بەشێکی پەیوەستە بە شێوازی بە بازاڕکردنی و گەیاندنی بە گەشتیاران لە رێگەی میدیای گەشتیارییەوە، کە ئەمەش لای خۆیەوە ئەبێتە سەرچاوەیەکی داهاتی باش بۆ شارەکە.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ باسی سەرەکی پێکدێت و لێیان ئەکۆڵێتەوە، باسی یەکەم: دەربارەی چەمکە گشتییەکان ئەدوێ سەبارەت بە راگەیاندنی گەشتیاریی و ئامرازەکانی، باسی دووەم: گوزارشت ئەکا لە چەمکی خواستی گەشتیاریی و ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەری و، باسی سێیەم: شیکردنەوەی کاریگەریی راگەیاندنی گەشتیاریی لە زیادکردنی خواستی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی لەخۆ ئەگرێ.

## کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە خۆی ئەبینێتەوە لە سنووردارێی ئەو زانیاری و شیکارییەی کە لە ئێستادا لە بەردەستدایە سەبارەت بەوەی کە چۆن راگەیاندنی گەشتیاریی کاریگەریی هەیە لەسەر زیادبوونی خواستی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی، و چۆنیەتی شیکردنەوەی ئەم کاریگەرییە بە شێوەیەکی گشتگیر و کاریگەر. پێویستە زیاتر جەخت بکرێتەوە لەسەر ئەم بابەتە بۆ تێگەیشتن لە کارلێکی وردی نێوان راگەیاندنی گەشتیاریی و زیادبوونی خواستی گەشتیاریی، کە ئەتوانێت بەشدار بێت لە پەرەپێدانی ستراتیژییەکانی بە بازاڕکردنێکی کاریگەر و بەردەوام بۆ پێشخستنی گەشتیاریی.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە:

١- دەرخستنی ئاستی کاریگەری ئامرازە جیاوازەکانی راگەیاندنی گەشتیاریی لە بواری گەشتوگوزاردا.

٢- دەرخستنی رۆڵ و گرنگییەکانی راگەیاندنی گەشتیاریی بەپێی ئامانجی ئابووریی.

٣- شیکردنەوەی کاریگەریی راگەیاندنی گەشتیاریی لە زیادکردنی خواستی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی.

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە بریتییە لە:

١- پیشاندانی رۆڵی راگەیاندنی گەشتیاریی وەك فاکتەرێکی گرنگ لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاردا.

٢- دەرخستنی راگەیاندنی گەشتیاریی وەك ئامرازێکی گرنگ لە زیادکردنی خواستی گەشتیارییدا لە شاری سلێمانی.

٣- دەرخستنی ئەندازەی بەشداریکردنی راگەیاندنی گەشتیاریی لە بەرەوپێشبردنی گەشتیارییدا بە مەبەستی راکێشانی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەکان.

٤- لە رووی پراکتیکییەوە بەرچاو روونییەکە بۆ دامەزراوە گەشتیارییەکان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا و ئاشنایان ئەکات بەگرنگی و تایبەتمەنی و رۆڵی راگەیاندنی گەشتیاریی لە راکێشانی سەرنجی گەشتیاران و زیادکردنی خواستی گەشتیارییدا.

## گریمانەی توێژینەوەکە

١- راگەیاندنی گەشتیاریی کاریگەریی گرنگ و راستەوخۆی نییە لەسەر خواستی گەشتیاریی.

٢- راگەیاندنی گەشتیاریی کاریگەریی گرنگ و راستەوخۆی هەیە لەسەر خواستی گەشتیاریی.

## شێواز و میتۆدی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە پشتی بەستووە بەشێوازی شیکاریی-وەسفیی بە بەکارهێنانی (٢٤٠) فۆرمی راپرسیی، کە (٢٠٠) لە فۆرمەکان گەڕاوەنەتەوە و سوودیان لێبینراوە بە مەبەستی شیکاری، و فۆرمە گەڕاوەکان بە شێوەی هەڕەمەکی بە هەردوو زمانی کوردیی و عەرەبیی دابەشکراوە بەسەر ناوچە گەشتیارییەکانی وەک: {- سەرچنار(٢٣ فۆرم)، – پارکی ئازادیی(٢٩ فۆرم)، - چاڤی لاند (٣٨ فۆرم)، - هەواری شار (٣٥ فۆرم)، - ماجدی مۆڵ (٤٠ فۆرم)، - فامیلی مۆڵ (٣٥ فۆرم)}. (١٢٠) فۆرمی راپرسییەکە واتە لە ٦٠٪ فۆرمەکان بە زمانی کوردیی وەڵام دراونەتەوە لە لایەن بەشداربونی راپرسییەکەوە (گەشتیارانەوە)، هەروەها (٨٠ ) فۆرمیش واتە لە ٤٠٪ فۆرمەکان بە زمانی عەرەبیی وەڵام دراونەتەوە، و بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS ٢٣) شیکاری بۆ وەڵامەکان کراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

ئەو ناوچە گەشتیارییانەی، کە دیاریکراون وەکو نموونەی توێژینەوەکە و ئاماژەیان بۆ کراوە سەرجەمیان ناوچەی گەشتیاریی شاری سلێمانین، کە گەشتیاران لە شاری سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی تری هەرێمی کوردستان و باشوور و ناوەراستی عێراقەوە سەردانی ئەو ناوچانە ئەکەن بە مەبەستی گەشتیاریی، هەروەها بەردەوام لە رێگەی راگەیاندنی دامەزراوە گەشتیارییەکانەوە بانگەشەیان بۆ ئەکرێ بە مەبەستی زیاتر ناساندنی ئەو ناوچە گەشتیارییانە و راکێشانی سەرنجی گەشتیاران.

## سنووری توێژینەوەکە:

لە رووی شوێن: ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی بە نموونە.

لەبەرئەوی، شاری سلێمانی پێگەیەکی ستراتیجی لە هەرێمی کوردستاندا داگیرکردووە، و شارێکە خاوەنی

فرەچەشـنییەکی دەوڵەمەنـدی کولتـووری و مێژوویـیـە، سەرنجڕاکێشـە بـۆ جـۆرە جیاوازەکانـی گەشـتوگوزار، لـە کولتوورییـەوە تـا سروشـت. هەروەهـا شـاری سـلێمانی ئەکەوێتـە ناوچەیەکـی جوگرافیـای لەبـار، بـە دیمەنـە جوانـەکان و مێژوویەکـی دەوڵەمەنـد دەورە دراوە. شـوێنی جوگرافـی و هەبوونـی پـرۆژەی گەشـتیاریی جیـاواز، زیاتـر پاڵنـەرە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەوەی کـە چـۆن ڕاگەیاندنـی گەشـتیاریی ئەتوانێـت کاریگـەری لەسـەر زیادبوونـی خواسـت لـەم چوارچێوەیـەدا هەبێـت.

لە ڕووی ماوە و کات: دابەشکردنی فۆڕمەکان لە (٤/١٧ – ٥/٢٨ /٢٠٢٢) تا (٦/٢–٧/١٤ /٢٠٢٣) لەخۆ ئەگرێت.

مـاوەی (٤/١٧ – ٥/٢٨ /٢٠٢٢) لەبەرئـەوەی، لـە وەرزی بەهاردایـە و بارودۆخـی کەشـوهەوا مامناوەنـدە، گەشـتیارێکی زۆر ڕوو ئەکەنـە ناوچـە گەشـتیارییەکان، و لـەم ماوەیـەدا بۆنـەی ناوخۆیـی و پشـووی گشـتی هەیـە کـە بەشـدار ئەبـن لـە زیادبوونـی خواسـتی گەشـتیاران. هەروەهـا مـاوەی (٦/٢–٧/١٤ /٢٠٢٣) بـە مەبەسـتی سـوودوەرگرتنە لـە پشـووی وەرزی هاوینـە کـە خواسـت لەسـەر گەشـتکردن زیـاد ئـەکات.

## ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

١- کەمیی سەرچاوە بەزمانی کوردیی.

٢- کەمیی توێژینەوەی پێشوتر دەربارەی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی لەشاری سلێمانی.

٣- تازەیی چەمکەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندنی گەشتیاریی.

٤- قورسیی ئەنجامدانی کاری ڕاپرسیی.

٥- کەمیی داتا و ئاماری فەرمی باوەڕپێکراو لەو بوارەدا.

## توێژینەوەکانی پێشوو:

توێـژەر ئامـاژە بـە چەنـد توێژینەوەیەکـی پێشـوو ئـەکات، کـە لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان و پارێزگاکانـی عێـراق کـراون لـەم بـوارەدا، کـە ئەمانـەن:

١- عزیـز (٢٠٢٠) بەناونیشـانی « کاریگەریـی تایبەتمەندییەکانـی ڕاگەیاندنـی نـوێ لـە دروسـتکردنی وێنەیەکـی جوانـی گەشـتیاریی بـۆ میوانانـی هۆتێلـە پلە نایابـەکان لـە بەغـا: لێکۆڵینەوەیەکی وەسـفییە. ئامانجـی توێژینەوەکە خـۆی ئەبینێتـەوە لـە تیشـک خستنەسـەر کاریگەرییەکانـی ڕاگەیاندنـی نـوێ و دروسـتکردنی وێنەیەکـی جوانـی گەشـتیاریی لـە نێـو گەشـتیارانی ناوخۆیـی و بیانیـی، سـەبارەت بـە هۆتێلـە پلـە نایابەکانـی بەغـا. یەکێـک لـە گرنگتریـن دەرئەنجامکانـی توێژینەوەکـە بریتییـە لـەوەی ڕاگەیاندنـی نـوێ یەکێکـە لـە نوێتریـن جۆرەکانـی میدیـا، کـە پشـت بـە میدیـای مۆدێـرن ئەبەسـتێت و توانـای گەیاندنـی پەیامـی میدیایـی بـە خێرایـی و وردی هەیـە ئەمـەش کاریگەریـی لەسـەر بڕیاردانـی گەشـتیار هەیـە.

٢- عبداللـە و احمـد (٢٠١٨) بەناونیشـانی «ڕۆڵـی ڕاگەیاندنـی گەشـتیاریی لـە پەرەپێدانـی گەشـتیاریی لـە هەرێمی کوردسـتان-عێراق بـۆ مـاوەی (٢٠٠٧-٢٠١٤) لێکۆڵینەوەیەکـی شـیکاریی وەسـفییە». ئامانجـی توێژینەوەکـە دەستنیشـانکردنی ڕۆڵـی ڕاگەیاندنـی گەشـتیارییە لـە پەرەپێدانـی گەشـتیارییدا و کاریگەرییەکانـی لەسـەر ئابووریی هەرێـم لـە ڕووی پێکهاتـەی کـۆی داهـات و ڕاکێشـانی وەبەرهێنانـە بـۆ بـواری گەشـتیاریی لـە هەرێمـی کوردسـتان.

یەكێک لـە دەرئەنجامـە گرنگەكانـی توێژینەوەكـە ئەوەیـە، كـە رۆڵـی راگەیاندنـی گەشـتیاریی لـە هەرێـم دا لـە ئاسـتی پێویسـتدا نەبـووە لـە رووی زیادكردنـی ژمـارەی گەشـتیاران و داهاتـی گەشـتیاریی و راكێشـانی وەبەرهێنـان لـە بـواری گەشـتیارییدا.

٣- الاسـدي (٢٠١٧) بەناونیشـانی «رۆڵـی راگەیانـدن لـە بەرەوپێشـبردنی شـوێنە گەشـتیارییە ئاینییـەكان: لێكۆڵینەوەیەكـی مەیدانـی لـە شـاری كەربـەلا». ئامانجـی توێژینەوەكـە بەرەوپێشـبردنی شـوێنە گەشـتیارییە ئاینییـەكان بـە بەكارهێنانـی هـۆكارە جۆراوجۆرەكانـی راگەیاندنـە. یەكێـک لـە گرنگتریـن دەرئەنجامكانـی توێژینەوەكـە، لاوازی دامـەزراوە گەشـتیارییەكان لـە بەكارهێنانـی ماڵپەڕەكانیـان لەسـەر ئینتەرنێـت بەتایبەتـی سـایتەكانی ریكلامكـردن بـۆ شـوێنە گەشـتیارییە ئاینیـەكان، كـە ئەبـێ دامـەزراوە گەشـتیارییەكان دابینـی بكـەن بـۆ گەشـتیار، كـە لـە ئاسـتی پێویسـتدا نەبـوون.

٤- احمـد (٢٠٠٩) بەناونیشـانی «ئـارای خسـتنەڕووی و خواسـتی گەشـتیاریی لـە پارێـزگای سـلێمانی: لێكۆڵینەوەیەكی شـیكاریی پێوانەییـە». ئامانجـی توێژینەوەكـە روونكردنـەوەی واقیعـی گەشـتیارییە لـە رێگـەی بەردەسـتبوونی توانـای سرووشـتی و مرۆیـی و هەوڵـدان بـۆ بەكارهێنانیـان بـە شـێوەیەک كـە بەشـداربێت لـە راكێشـانی گەشـتیاران و پەرەپێدانـی گەشـتیاریی، هەروەهـا روونكردنـەوەی ئـەو هۆكارانـەی كـە رێگـرن لـە پەرەپێدانـی ئـەم كەرتـە گرنگـەی ئابووریـی. یەكێـک لـە گرنگتریـن دەرئەنجامەكانـی توێژینەوەكـە بـە پێـی وەڵامـی بەشـداربووانی لێكۆڵینەوەكـە، كـە رێـژەی لـە (٦٨،١٧٢٪) نموونـەی توێژینەوەكـە پێـک ئەهێنـن پێیـان وایـە ئـەو كێشـەكانەی كـە روبـەڕووی وەبەرهێنـەران ئەبنـەوە لـە بـواری گەشـتوگوزاردا لـە پارێـزگای سـلێمانی گرنگترینیـان (ژێرخـان، رێـكارە كارگێڕییـەكان، نەبوونـی كادری مرۆیـی)ن و، هـەر بـە پێـی وەڵامـی بەشـداربوانی لێكۆڵینەوەكـە، كـە رێـژەی لـە (٣١،٨٪) نموونـەی توێژینەوەكـە پێـک ئەهێنـن پێیـان وایـە كێشـەی تریـش هەیـە، كـە روبـەرووی وەبەرهێنـەران ئەبێتـەوە لەبـواری گەشـتوگوزاردا ئەوانیـش (كەمبونـەوەی خواسـت لەسـەر گەشـتیاریی و بارودۆخـی ژینگەیـی) ن، ئەمـەش كاریگەریـی نەرێنیـی درووسـت ئـەكات لەسـەر چالاكـی جووڵانـەوەی گەشـتیاریی و پاشـان لەسـەر خسـتنەڕووی گەشـتیاریی.

لەژێـر رۆشـنایی توێژینەوەكانـی پێشـووتر، گەیشـتینە ئەو ئەنجامەی كـە ئـەم توێژینەوەیە «كاریگەریـی راگەیاندنی گەشـتیاریی لـە زیادكردنـی خواسـتی گەشـتیاریی لـە شـاری سـلێمانی» بـە شـێوەیەكی گشـتیی پەیوەندیـی و خاڵـی هاوبەشـی هەیـە لەگـەڵ ئـەو توێژینەوانـەی كـە لـە سـەرەوە بـاس كـراون، پەیوەندییەكـە بریتییـە لـە دەرخسـتنی رۆڵـی راگەیانـدن لـە بنیاتنانـی وێنەیەكـی ئەرێنیـی سـەبارەت بـە شـوێنێكی گەشـتیاریی، چونكـە راگەیاندنـی گەشـتیاریی ئەتوانـێ هۆكارێـک بـێ لـەو هۆكارانـەی كـە بەشـدارە لـە راكێشـانی گەشـتیاران و باشـتركردنی وێنـەی ئەرێنیـی شـوێنە گەشـتیارییەكان.

هەروەهــا توێژینــەوەكان ســەرنجیان لەســەر چۆنیەتیــی بەكارهێنانــی راگەیاندنــە بــۆ راكێشــانی ســەرنجی ســەردانكەران و، جەختكردنەوەیــە لەســەر ئــەو هۆكارانــەی كــە بەشــدارن لــە زیادكردنــی ژمــارەی گەشــتیار یــان خواســتی گەشــتیاریی، و لێكۆڵینــەوە لــە راگەیاندنــی گەشــتیاریی ئەكــەن وەک هۆكارێكــی بنەڕەتــی بــۆ پێشخســتنی گەشــەپێدانی گەشــتیاریی، لەگــەڵ تیشــک خستنەســەر چۆنێتیــی بەكارهێنانــی ریــكلام بــۆ ناســاندنی

شوێنەکان و راکێشانی گەشتیاران، ئەمەش رەنگدانەوەی گرنگیی راگەیاندنە لە هێنانەدیی پەرەپێدانی ناوچە گەشتیارییەکان، و رۆڵێکی جەوهەریی ئەگێڕێ لە بەهێزکردنی ئابووریی ناوخۆیی و باشترکردنی ژێرخانی گەشتیاریی.

# باسی یەکەم

## چەمکە گشتییەکان سەبارەت بە راگەیاندنی گەشتیاریی و ئامرازەکانی

راگەیاندنی گەشتیاریی بوارێکی گرنگە و رۆڵی گەورەی هەیە لە پێشخستنی گەشتیاریی و راکێشانی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتیارییەکان، هەروەها کۆمەڵێک چالاکی لەخۆ ئەگرێ کە ئامانجیان بەبازاڕکردن و پێشخستنی ناوچە گەشتیارییەکان و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانە بۆ راکێشانی گەشتیاران، و ئەم جۆرە راگەیاندنە پشت ئەبەستێت بە بەکارهێنانی ئامرازی جۆراوجۆری وەک: رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

### پێناسەی راگەیاندنی تایبەتمەند

تایبەتمەندبوون واتە دابەشکردنی تەواوی زانیارییەک بۆ بەشی تایبەتمەند، کە هەر زانستێک تایبەتمەندیی و سنوورەکانی خۆی دیاری ئەکات و خۆی لە زانستەکانی تر جیا ئەکاتەوە.
راگەیاندنی تایبەتمەند واتە هەموو راگەیاندنەکان، چ چاپکراو، چ دەنگی، یان بینراو (رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، تەلەفزیۆن)، بە شێوەیەکی بنچینەیی پەیوەندیی بە بوارێکی دیاریکراوی زانیارییەوە هەیە، و ئەگاتە بینەرێکی تایبەتمەند کە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی یان خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە (النعيمي، ٢٠٢٣).

راگەیاندنی تایبەتمەند، لەسەر دوو بنەمای سەرەکیی پێک یەت، یەکەمیان بابەتی پسپۆریی راگەیاندن، کە بابەتی پسپۆڕ بۆ جەماوەری تایبەت پێشکەش ئەکات وەک (پزیشکیی، کارگێڕیی، دارایی و ....هتد)، دووەمیان جەماوریی تایبەت لە خوێنەر، کە ئەو بڵاوکراوانە بابەت پێشکەش بە چین و توێژە تایبەتەکان ئەکەن.
هەروەها راگەیاندنی تایبەتمەند تەنیا بوارێک لە بوارەکانی ژیان ئەگرێتەوە، وەک (سیاسیی، ئابووریی، وەرزشیی، زانستیی ....هتد)، بەشێوەیەکی سەرەکیی مامەڵە لەگەڵ رووداو و دیاردە پێشهاتەکانی بوارێکی دیاریکراودا ئەکات.
راگەیاندنی تایبەتمەند بۆ چینێکی تایبەت، توێژێکی تایبەت، گرووپێکی تایبەت و دەستەبژێری تایبەت دەرئەچێت، ئەمەش بە پێچەوانەی راگەیاندنی گشتییە کە بێ جیاوازی بۆ سەرجەمی خەڵک دەرئەچێت (بابۆڵی، ٢٠١٣: ١٧-١٨).

راگەیاندنی تایبەتمەند جۆرێکە لە راگەیاندن، کە گرنگی بە رووماڵکردن و گواستنەوەی زانیاریی پەیوەندیدار بە بوارێک یان کەرتێکی دیاریکراو ئەیات، جەماوەرێک ئەکات بە ئامانج کە بەرژەوەندیی هاوبەش و شارەزایی هاوبەشیان لەو بوارەدا هەیە. ئەمەش رۆژنامە و گۆڤاری تایبەتمەند، بەرنامەی تەلەفزیۆنیی

و رادیۆیی و ماڵپەڕی تایبەتمەند ئەگرێتەوە. میدیای تایبەتمەند ئامانجی دابینکردنی ناوەڕۆکی قووڵ و تایبەتمەندە، کە یارمەتییدەرە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی جەماوەر و بەرزکردنەوەی تێگەیشتنیان لە بوارە تایبەتەکانی وەک پزیشکیی، ئەدەبیی، دەروونیی، زانست، تەکنەلۆژیا، وەرزش، یان هەر بابەتێک کە پسپۆڕییەکی تایبەتی هەبێت.

## پێناسەی راگەیاندنی گەشتیاریی

چەندین پێناسەی جیاجیا هە یە سەبارەت بە راگەیاندنی گەشتیاریی بەڵام، بە گشتیی:

راگەیاندنی گەشتیاریی بریتیە لە دواندنی خەڵک لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بە شێوەیەکی بابەتییانە بە بەکارهێنانی فاکتەرەکانی سەرنجڕاکێشان لە بەرهەمی گەشتیارییدا بە ئامانجی رازییکردنی خەڵک و شیکردنەوەی گرنگی گەشتیاریی و سوودەکانی بۆ تاك و حکومەت، و هاندانیان لەسەر ناساندنی پێکهاتەکانی گەشتیاریی ئەوەش بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گەشتیاریی لە نێوانیاندا، هەروەها جوان رەفتارکردن لەگەڵ گەشتیاران و یارمەتیدانیان لەو شتانەی کە پێویستیان پێیەتی (آل دغیم، ٢٠١٤: ٥٩).

- راگەیاندنی گەشتیاری: سەرجەم ئەو هەوڵە میدیاییە بابەتیی و بێلایەنانەن، کە کراون لە لایەن لایەنە فەرمییەکانەوە بۆ باشترکردنی وێنەی گەشتیاری و گواستنەوەی پەیامێک یان، کۆمەڵێك پەیام بە ئامانجی دروستکردنی هۆشیاریی گەشتیاریی یان، گەشەپێدانی وێنەی گەشتیاریی وڵاتێك یان، ناوچەیەك بۆ بازاڕەکان و جەماوەرێکی دیاریکراو بە بەکارهێنانی دەستگا میدیاییەکان بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ ئەو بازاڕانە جا چ لە ناوەوەی وڵات بێت یان دەرەوەی وڵات، و هاندانیان بۆ ئەنجامدانی چالاکی گەشتیاریی (مقعاش و قارش، ٢٠٢٠: ٦١٣).

- راگەیاندنی گەشتیاریی: شێوازێکە لە شێوازەکانی راگەیاندن، لەسەر بنەمای ناساندنی تایبەتمەندییە گەشتیاری و کولتووریی و شارستانییەکانی وڵاتێکی دیاریکراو بە بەکارهێنانی رێگەی سەرەنجڕاکێش(مهدی، ٢٠٢٠).

لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەی پێشووەوە؛ راگەیاندنی گەشتیاریی بریتییە لە ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆری دامەزراوە و کۆمپانیا و نوسینگە گەشتیارییەکان لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنی گەشتیارییەوە بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش، بە ئامانجی ناساندنی ناوچە گەشتیارییەکانی وڵاتێکی دیاریکراو بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی گەشتیاران، جا چ لە ناوخۆی وڵات بێت یان لەدەرەوەی وڵات بە تایبەتیی لەسەردەمی ئێستاماندا، کە لەبەشێك لە وڵاتاندا داهاتی گەشتیاریی بە بەرزترین داهات دائەنرێت.

## گرنگی راگەیاندی گەشتیاریی

گرنگییەکانی راگەیاندی گەشتیاریی لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی ئەبینێتەوە:

١- راگەیاندی گەشتیاریی ئەو زانیاریانە دابین ئەکات بۆ گەشتیار، کە پێویستە بیزانن و یارمەتیدەرە بۆ بڕیاڕدان و دیاریکردنی دۆخەکان پێش گەشتی گەشتیاران، هەروەها پێداویستییەکانی خەڵک دابین ئەکا و خزمەتیان ئەکات.

٢- ڕاگەیاندی گەشتیاریی تایبەتمەندییەکی تایبەتی هەیە لە ئەنجامی گرنگیپێدانی جیهانیی بە گەشتیاریی و زیادکردنی ڕکابەریەتیی جیهانیی لە نێوان زۆرێك لە وڵاتان، هەروەها ڕکابەرییکردنی خودی کاڵای گەشتیایری بۆ کاڵاکانی تر و هێزی ئەو کاڵایە لە ڕووی ئابوورییەوە.

٣- هەروەها توانای بڵاوکردنەوەی کولتووریی قووڵ و تایبەتمەند لە بواری گەشتیارییدا، بە سوودوەرگرتن لە توانا تەکنیکیەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیای تری پێشکەوتووی پەیوەندیی.

٤- زیادبوونی هەستکردنی گرنگییدان بە گەشتیاریی لە ڕووی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە، و ئەو شوێنەوارانەی کە بەجێیان ئەهێڵێت لەسەر کۆمەڵگا.

٥- توانای هەیە لەسەر زیادکردنی ئاستی هۆشیاریی و بەرجەستەکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگا و گرفتە ڕاستەقینەکانی لە بواری گەشتیاریی و ئەو بوارانەی کە پەیوەستن پێوەی، و دەرخستنی ڕووە هەمە چەشنەکانی کۆمەڵگا.

٦- کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاردەران لە بواری گەشتیاریی و بەشدارییکردنی لە پێشخستنی داهێنانەکان.

٧- هاوکاریکردنی پسپۆڕانی بواری گەشتیاریی و ئەو بوارانەی کە پەیوەستن پێوەی بۆ پێشخستنی لەپێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگا و چارەسەرکردنی گرفتەکان بە شێوازێکی زانستیی و هاوکارییکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ پسپۆڕان لە ڕێگەی دەستگا میدیاییە گەشتیاریەکان.

٨- ڕاگەیاندی گەشتیاریی سەکۆیەک ئەسازێنێت بۆ گفتوگۆکردن و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکان و داهێنانەکان و ئاڵووگۆڕکردنی شارەزایی و ئەزموونەکانی بواری گەشتیاریی، و ئەو زانست و بوارانەی کە پەیوەستن پێوەی.

٩- ڕاگەیاندی گەشتیاریی هەل ئەڕەخسێنێ بۆ وەبەرهێنەران، کارمەندانی گەشتیاریی و ئەوانەی هەڵئەستن بە ریکلام و بەرەوپێشبردنی پرۆژەکانیان و چالاکیە گەشتیارییەکانیان، و هاندەرە لەسەر زیادبوونی وەبەرهێنەران و پرۆژەکان (خطاب، ٢٠١٦: ٦٣-٦٥).

١٠- ڕەخساندنی هەلی هەنگاونان بەرەو بازاڕە دەرەکییەکان و پاڵپشتی بەبازاڕکردنی گەشتیاریی لە دەرەوە، و ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ و کەمکردنەوەی بێکاریی بە پێدانی وێنەیەکی ئەرێنیی دەرەکی وڵات، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

١١- زیادکردنی متمانەی وڵاتان لەبەرچاوی وەبەرهێنەرانی بیانی و ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانیی، و ئەم متمانەپێکردنە بەستراوەتەوە بە متمانەی دەوڵەت بە گەشتوگوزار و خزمەتگوزارییەکانی و ئاسانکارییە جۆراوجۆرەکان و لێهاتووییە مرۆییە بەرزەکان (عیساوة، ٢٠١٩: ١٣).

لە ڕوانگەی ئەو خاڵانەی پێشووترەوە، ڕاگەیاندنی گەشتیاریی هانی توێژەرانی بیانیی ئەیات، بۆ ئەوەی بێن لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکان، بە تایبەتیی کە لەڕێگەی میدیاوە پێی ئاشنا ئەبن.

## دووەم: تایبەتمەندیەکان و ئامانجەکانی ڕاگەیاندی گەشتیاریی:

تایبەتمەندیەکانی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی

١- یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی ئەوەیە ڕاگەیاندنەکان بزانن کە پێویستە ڕاگەیاندنی گەشتیاریی:

٢- وێنەیەکی گونجاو پێشکەش بکات، کە لەگەڵ داب و نەریتی گەلاندا یەک بگرێتەوە.

٣- گوزارشت لە شارستانێتیی دێرینی خۆی و سەرهەڵدانی مۆدێرنەی سەردەمی خۆی بکات.

٤- گرنگی بیات بە راکێشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ هۆتێلەکان و ئامرازەکانی کات بەسەربردن و ئاسانکاریی گەشتکردن لە بەندەر و فرۆکەخانەکان (عمر، ٢٠١٩).

٥- پەیامەکەی بگونجێت لەگەڵ میژوو و بەها و داب و نەریتەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەیدوینێ.

٦- پشت بەستن بەو راستی و داتا راستەقینانە، کە لە راستییدا گوزارشت لەو خزمەتگوزارییانە ئەکەن، کە کۆمپانیای گەشتیاریی لە ماوەی بەرنامەی گەشتیاریی راگەیەندراودا بەبێ زیادەڕەویی پێشکەشی ئەکات. بەراستی دەربڕی بنەماکانی راکێشانی گەشتیاران لە خۆبگرێت، کە گەشتیاران رائەکێشێت و پاڵیان پێوە ئەنێت بۆ سەردانی وڵاتێکی دیاریکراو (عیساوة، ٢٠١٩: ١١).

٧- یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی رۆشنبیرکردن و فێرکردنی خەڵک، بەو پێیەی توانای کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵک و شێوازی ژیانیان هەیە، چونکە بیرۆکە و زانیاریی و بەهاکان پەخش ئەکات، کە کولتووری کۆمەڵگا ئەپارێزن.

٨- پێویستە ناوەڕۆکی بڵاوکردنەوەی بابەتی میدیایی ئاسوودەیی بۆ گەشتیاران دابین بکات و رێگر بێت لە دڵەڕاوکێ ، هەروەها هوشیاریی گەشتیاریی بەهێز بکات لای گەشتیاران (رضوان, ٢٠١٨: ٦٩١-٦٩٢).

## ئامانجەکانی راگەیاندی گەشتیاریی:

راگەیاندی گەشتیاریی کۆمەڵە ئامنجێکی هەیە، لە گرنگترین ئامانجەکان (خطاب, ٢٠١٦: ٦٨-٦٩):

**یەکەم:** ئامانجە نیشتمانیەکان: بریتییە لە چاندنی گیانی لایەنگری لەلای هاونیشتیمانیان و دەرخستنی رووی شارستانی و جیاوازی وڵاتەکە و هاندانی پاڵنەرەکانی پێشوازی کردن لە گەشتیاری ناوخۆیی.

**دووەم:** ئامانجی ژینگەیی: راگەیاندی گەشتیاری پشتگیری لە ئاڕاستەکردنی ئەرێنی ئەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە لە ناوچە گەشتیاریەکان و ناساندنی پێکهێنەرەکانی گەشتیاری ژینگەیی لە وڵاتدا.

**سێیەم:** ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان: راگەیاندی گەشتیاریی پاڵپشتی ئاراستەی کۆمەڵایەتی بەرەو پیشەسازی گەشتیاریی ئەکات و کارئەکات بۆ ئامادەکردنی کۆمەڵگا بۆ وەرگرتنی گەشتیاریی بەپێی چەمکەکەی، کە لەلایەن باڵاترین ئاستەکانی دەولەتەوە پەسەندکراوە.

**چوارەم:** ئامانجە کولتوورییەکان: وەک چۆن کارئەکەن بۆ ناساندنی میراتی کولتووری بەرجەستە و نابەرجەستەی وڵات، و پشتگیری لە رێزگرتن لە گەشتیارانی غەیرە هاووڵاتی ئەکات بۆ تایبەتمەندی و کولتووری کۆمەڵگاکە، هەروەها کار ئەکات لەسەر هاندانی پاراستنی هونەر.

**پێنجەم:** ئامانجە ئابوورییەکان: راگەیاندی گەشتیاری رۆڵێکی سەرکردەیی هەیە لە بوژانەوەی وەبەرهێنانی ئەرێنی بۆ پیشەسازی گەشتیاری لە پاڵپشتکردنی ئابووری نیشتیمانی، هەروەها ناساندنی ئەو هەلانەی وەبەرهێنان، کە لە بوارە جیاوازەکانی پیشەسازی گەشتیارییدا بەردەستن.

## چوارەم: ئامرازەکان و ئاستەکانی راگەیاندنی گەشتیاری:

ئامرازەکانی راگەیاندنی گەشتیاری

ئامرازەکانی راگەیاندنی گەشتیاری ئەو ئامرازانەن کە بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنجیان لەسەر رووماڵکردن

و بەرەوپێشـبردنی چالاکییـە گەشـتیارییەکان و تیشـک خسـتنە سـەر شـوێنە گەشـتیارییەکانە، بـۆ پەرەپێدانـی گەشـتیاریی و گەشـتکردن بەکارئەهێنرێـن. لێرەیـا کورتەیـەک دەربـارەی ئامرازەکانـی راگەیانـدن ئەخەینـەڕوو:

## ڕۆژنامەکان:

ڕۆژنامـە گشـتییەکان ڕۆڵـی خۆیـان هەیـە لـە راگەیانـدی ناوچـە گەشـتیارییەکان بـەو پێیـەی کـە ئامرازێکـن بـۆ گەیاندنـی هەواڵـی ڕۆژانـە بـۆ نموونـە ئەگـەر راگەیەنـدرا کـە هەندێـک داشـکاندن لـە نرخـی خزمەتگوزاریـی شـوێنە گەشـتیارییەکان ئەکرێـت یـان، ئاسـانکاری بـۆ گەشـتە گشـتگیرەکان، ئەمـەش بـە هەواڵێکـی گرنـگ دائەنرێـت بـۆ خوێنـەری رۆژنامەکـە چونکـە ئامرازێکـی باشـە بـۆ رووماڵکردنـی تەواوەتـی بـازاڕی بـە ئامانجکـراو، کـە ریکلامەکـەی ئاراسـتەی کـراوە چونکـە، رۆژنامـە لەلایـەن ژمارەیەکـی زۆر خوێنـەرەوە ئەخوێنرێتـەوە و لـە سەرانسـەری وڵاتـدا بـڵاو ئەکرێتـەوە، هەروەهـا ئامرازێکـی هەرزانـە لـە رووی نرخـەوە بـەراورد بـە گوڤـارەکان (رضـوان, ٢٠١٨: ٦٩٢).

## گۆڤارەکان:

گۆڤـارەکان گرنگیـی زیاتـر ئەیـەن بـە ریکلامکـردن و بەرەوپێشـبردنی چالاکیـی گەشـتیاریی، بـەو پێیـەی بەکارهێنانـی رەنـگ و وێنـە ئامرازێکـی گرنگـی راگەیاندنـە بـۆ بینەرانـی گەشـتیاریی و ئـەو دامەزراوانـەی، کـە لـە بـواری گەشـتیارییدا کارئەکـەن ئەمـەش باڵادەسـتی گۆڤـارەکان پشتڕاسـت ئەکاتـەوە بـۆ ریـکلام وەک ئامرازێکـی راگەیانـدن (عـواد، ٢٠٠٩).

## رادیۆ:

بەربڵاوترینـی دەسـتگا میدیایەکانـە، پـڕ جەمـاوەرە جەماوەرەکەشـی خەڵکـی گشـتین لـە هەمـوو ئاسـتەکاندا ئەتوانـێ بەربەسـتەکانی نەخوێنـدەواری و جوگرافـی و کـۆت و بەنـدە سیاسـیەکان ببڕێـت کـە رێگـرن لـە هەندێـك ئامـرازی تـر لـە گەیشـتن بـە جەمـاوەر هەروەهـا پێویسـتی بـە دەسـت بەتاڵـی تـەواو نییـە، و بـە بەکارهێنانـی موزیـك و کاریگـەری دەنگـی ئەتوانـێ بیروهۆشـی جەمـاوەر ئامـادە بـکات بـۆ وەرگرتنـی پەیامـی راگەیانـدن و دروسـتکردنی کەشـێکی دەروونـی گونجـاو بـۆ قبوڵکردنـی بیرۆکـە و قایـل بـوون بـە بیرۆکەکـە بـەڵام، نابێـت ئـەوە لەبیـر بکرێـت کـە کاتەکانـی ڕۆژ جیـاوازن بـە پێـی بۆنـەی بابەتـە جیـاوازەکان چونکـە، ئـەوەی شـیاوە کـە بەیانیـان پەخـش بکرێـت دروسـت نیـە ئێـواران پەخـش بکرێـت جگـە لـەوەش تێچوونەکـەی زیاتـرە لـە ڕۆژنامـە یـان، گۆڤـارەکان و کەمـترە لـە تەلەفزیـۆن (رضـوان, ٢٠١٨: ٦٩٣).

## تەلەفزیۆن:

تەلەفزیـۆن بەناوبانگتریـن و بەربڵاوتریـن ئامـرازە لـە سـەردەمی مۆدێرنـدا لـە هەمـان کاتـدا کاریگـەری لەسـەر ڕەفتـار هەیـە، و لـە رێگـەی راگەیاندنـی تەلەفزیۆنـەوە ئەتوانرێـت ژمارەیـەک ریکلامـی گەشـتیاریی پەخـش بکرێـت (عـواد، ٢٠٠٩).

### فیلم:

فیلم یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی راگەیاندنی گەشتیاریی و کاریگەریی هەیە لەسەر راکێشانی گەشتیاران، سەرەڕای ئەوەش، ئەو شوێنانەی کە لە فیلمەکاندا نمایش ئەکرێن یان وێنا ئەکرێن ئەتوانن ژمارەی گەشتیاران زیاد بکەن (Park, ٢٠١٥: ١٣).

### ئینتەرنێت:

ئینتەرنێت بەهێزترین میدیای پەیوەندییە، کە ئەتوانرێت لە پەیوەندی گەشتیارییدا بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی بگاتە جەماوەرێکی گەورە و هەمەچەشن، ئینتەرنیت لە رووی تێچوونی خەرجییەوە ئامرازێکی هەرزانە بۆ دامەزراوەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ژمارەیەك لە گەشتیارایان، هەروەها هیچ سنورێك نیە بۆ رووبەری راگەیاندن و ریکلامەکان بەراورد بە ئامرازەکانی تر (رضوان, ٢٠١٨: ٦٩٤).

### ئاستەکانی راگەیاندی گەشتیاری:

کاریگەری راگەیاندی گەشتیاری لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە لە ئەنجامی کولتوور و بیرۆکەی جیاوازدا بەڵام، بە گشتی سێ ئاست هەن کە ڕاگەیاندی گەشتیاری کاریان لەسەر ئەکات ئەوانیش بریتین لە: (عبد القادر, ٢٠١٤: ١٥٥- ١٥٧،١٦١):

**ئاستی یەکەم:** رۆڵی هۆشیاری: هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بۆ پەسەندکردنی بیرۆکەی گەشتیاریی وەکو پیشەسازی و هاندانی رەفتارە ئەرێنییەکان بۆ سەرکەوتنی، ئەمەش لە رێگەی چڕکردنەوەی هەڵمەتەکانی ریکلام و دانیشتنەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆ ئەبێت، بۆ ئەوەی گەشتیاریی ببێتە پرۆژەیەکی نیشتیمانی یەکگرتوو.

**ئاستی دووەم:** رۆڵی ناساندن: لە دوای ئامادەکردنی ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ پەسەندکردنی گەشتیاریی وەکو پیشەسازی، رۆڵی ناساندنی پێکهاتەکان و بەرهەمە گەشتیاریەکان دێت، کە وڵاتەکە هەیەتی و پێیانئەوترێت ناوچەکانی راکێشانی گەشتیار(شوێنە گەشتیارییەکان)، یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی پیشەسازی گەشتیاریی شوێنە گەشتیارییەکانە، و بە بابەتیکی گرنگ دائەنرێت بۆ راگەیاندی گەشتیاری.

**ئاستی سێیەم:** رۆڵی قایل کردن: بریتیە لە کاری میدیایی ئامانجدار، کە هەوڵەیات تاکەکان قایل بکات بۆ وەرگرتنی بەرهەمە گەشتیارییە ناوخۆییەکان بە هاندانی گەشتی ناوخۆیی یان، هێنانی گەشتیارە بیانییەکان.

لەکۆتایی باسی یەکەمدا ئەتوانین بڵێین، لە کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی راگەیاندنی گەشتیاریی بوونی هەیە، وەکو راگەیاندنی تایبەتمەند، هەوڵیش هەبووە بۆ بە بازاڕکردنی ناوچە سەرنجڕاکێشەکان و شوێنە گەشتیارییەکانی شارەکە، و هەندێک لە راگەیاندن و ماڵپەڕە ناوخۆییەکان ناوەڕۆکیان پێشکەش کردووە کە تایبەتە بە بەرەوپێشبردنی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی، هەروەها راپۆرت و بابەت لە رۆژنامە ناوخۆییەکان، گۆڤارە ناوخۆییەکان، ماڵپەڕەکان، هەندێک لە کەناڵەکانی راگەیاندن و راگەیاندنی دامەزراوە و کۆمپانیا و نوسینگە گەشتیارییەکان بوونی هەیە کە گرنگی بە پەرەپێدانی شوێنە

گەشتیارییەکان، ناوچە سەرنجڕاکێشەکان، خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و رووماڵکردنی بۆنە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی ئەدەن، وەک (فێستیڤاڵە نەتەوەی و کولتوورییەکان، بۆنە هونەرییەکان، پێشانگا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و ڕووداوە وەرزشییەکان)، کە گەشتیاران ڕائەکێشن. هەروەها سود لە سۆشیال میدیا و پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان وەرگیراوە، کە ئەتوانن ڕێگەیەکی کاریگەربن بۆ بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی راگەیاندنی گەشتیاریی و کارلێککردنی لەگەڵ گەشتیاران، ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ پێشکەوتنە بەردەوامەکانی بواری راگەیاندن، پێشکەوتن و زیادبوونی ناوەڕۆکی راگەیاندنی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی زیاتر ئەبێت، کە ئەمەش لای خۆیەوە ئەبێتە هۆی زیادبوونی خواستی گەشتیاریی و پەرەپێدانی ئابووری.

## باسی دووەم

## چەمکی خواستی گەشتیاریی و ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەری

تێگەیشتن لە چەمکی خواستی گەشتیاریی و ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەری دەروازەیەکی گرنگە لەبەرئەوەی، خواستی گەشتیاریی تاک و گروپەکان هان ئەیات بۆ گەشتکردن و گەڕان هەروەها سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ گەشەکردنی کەرتی گەشتیاریی.

### یەکەم: خواستی گەشتیاریی و تایبەتمەندییەکانی:

خواستی گەشتیاریی

خواست بەگشتی بریتییە لە بڕی ئەو شمەک و خزمەتگوزارییانەی، کە بەکاربەران ئامادەن بە نرخێکی دیاریکراو لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بیکڕن (صليحة، ٢٠١٤: ٢٠)، و خواستی گەشتیاریی واتە رادەی بەشداریکردنی دانیشتوانی ناوخۆیی و کەس و گروپەکانی وڵاتانی تر لە چالاکییە گەشتیارییە جۆراوجۆرەکانی وڵاتێکدا، کە بریتییە لە کۆی ژمارەی گەشتیاران لە هاوڵاتیانی وڵاتەکەو ئەو بیانیانەی کە ئەگەنە ناوچەیەکی گەشتیاریی دیاریکراو (سميرة، ٢٠١٥: ٥١).

- خواستی گەشتیاریی: ئاماژەیە بۆ تواناو ئارەزوی بەکاربەران بۆ کڕینی بڕی جیاواز لە بەرهەمێکی گەشتیاریی بە نرخێکی جیاواز لە ماوەیەکی دیاریکراودا (صالح، الصفار، ٢٠٢١: ٩٢٨). یاخود بریتییە لە کۆی ژمارەی ئەو کەسانەی کە گەشت ئەکەن یان، ئارەزووی گەشتکردن ئەکەن بە مەبەستی بەکارهێنانی ئامراز و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە شوێنەکانی دوور لە ناوچەی نیشتەجێبوونیان (العبيدي, ٢٠٢٢: ٢١٣).

لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەی پێشووترەوە ئەتوانین بڵێین خواستی گەشتیاری بریتییە لە ئامادەیی و ئارەزوی تاکەکان یان، گروپەکان بۆ گەشتکردن و سەردانیکردنی شوێنێکی دیاریکراو، بۆ کات بەسەربردن. لە خواستی گەشتیاریدا چەند هۆکارێکی جۆراوجۆر کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی گەشتیار هەیە بۆ گەشتکردن وەک: خەرجیی گەشتکردن، کاتی پێویست، ئارەزووی تاک، زانیاری گونجاو، هۆکارەکانی راگەیاندن و پاڵنەرە کولتوورییەکان.

## تایبەتمەندیەکانی خواستی گەشتیاری

مەبەست لێی هەموو تایبەتمەندییەکانی خواستی گەشتیارین، کە وا ئەکات خواستی گەشتیاریی جیاواز بێت لە جۆرەکانی تری خواست لەسەر شمەکی ئابووریی، وە ئەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:-

**١- خواستی گەشتیاریی خواستێکی وەرزییە**

ئاساییە کە بە درێژایی مانگەکانی ساڵ خواست لەسەر کاڵای ئاسایی هەبێت وەک خواست لەسەر شیر، برنج، نان...هتد. بەڵام، دۆخەکە جیاوازە لە خواست لەسەر خزمەتگوزاری گەشتیاریی بەو پێیەی تایبەتمەندە بەوەی کە خواستێکی وەرزییە و لە وەرزێکی دیاریکراودا هەیە، کە پێی ئەوترێت لوتکەی وەرزی گەشتیاریی (ملوخية، ٢٠٠٥: ٦٩). بە هۆی بوونی وەرزێک، کە تایبەتمەندە بە لێشاوی زۆری گەشتیاران واتە وەرزی گەشە ئەوەش بە هۆی هۆکاری کەشوهەوا لەو وڵاتانەی سەرچاوەی هاتنی گەشتیارن وەک پشووەکان، جەژنەکان و گۆڕانی وەرزەکان (حسين وآخرون، ٢٠٢١: ٧٣).

**٢- خواستی گەشتیاریی بەردەوام لە زیادبووندایە لەگەڵ زیادبوونی داهاتدا**

یاسای خواست بەشێوەیەکی گشتی باس لەوە ئەکات، کە پەیوەندییەکی راستەوانە لە نێوان داهات و بڕی خواستدا هەیە، تا داهات زیاد بکات بڕی خواست زیاتر ئەبێت (الحوري، الدباغ، ٢٠١٣: ٣٨).

**٣- خواستی گەشتیاریی زۆر هەستیارە**

واتە خواستی گەشتیاران زۆر هەستیارە بە هەلومەرج و هۆکارە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، کە باون (زاڵن) لەو وڵاتانەی گەشتیار وەرئەگرن، لە ئەگەری هەلومەرجی نالەباردا هاتنی گەشتیار بۆ ئەو شوێنانە کەم ئەبێتەوە، یاخود بەتەواوی لێیان ئەکشێتەوە چونکە، گەشتیار بە سروشت لە ژینگەیەکی دوور لە کێشە بەدوای کات بەسەربردن ئەگەڕێت (سعود، ٢٠١٩: ٧).

**٤- کێبڕکێ**

ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی قۆرخکاری یان، قۆرخکردن لەلایەن چەند کەس و کۆمپانیایەکەوە لە بواری گەشتیارییدا، بەهۆی بوونی شوێنەوارە کۆنەکان و ڕووبەری سروشتی کە کێبڕکێیان لەگەڵدا قورسە و بەرهەمهێنانی هاوشێوەیان کارێکی سەختە (حسين وآخرون، ٢٠٢١: ٧٣).

**٥- خواستی گەشتیاریی دووبارە ناکرێتەوە**

واتە تێرکردنی پێداویستی و ئارزووەکانی گەشتیار لە شوێنێکدا پاڵنەر نییە بۆ دوبارە سەردانکرنەوەی بۆ ئەو شوێنە چونکە، خواستی گەشتیاریی تایبەتمەندە بە بەرزی پلەی نەرمییەکەی (مرونەکەی) بەهۆی پاڵنەرە خودییەکانی گەشتیار لەبەرئەوەی، حەزێکی زۆری ئاشنابوون هەیە لای گەشتیاران، کە هانیان ئەیات بۆ فراوانکردنی بازنەی ئەو شوێنانەی، کە سەردانیان ئەکات (سميرة، ٢٠١٥: ٥٢).

**٦- فراوانبوون**

خواستی گەشتیاریی جیهانیی ساڵ بە ساڵ فراوانبوون و زیادبوونی زیاتر بەخۆوە ئەبینێ، ئەمەش بەندە بە بارودۆخی ئابووریی و پشت بەستن بە پێشکەوتنی گەورەی تەکنەلۆجی لە ئامرازەکانی گواستنەوە و پەیوەندییەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانی ژیان و زیادبوونی کاتەکانی پشوو (صليحة، ٢٠١٤: ٢٢).

تایبەتمەندییەکانی خواستی گەشتیاریی کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی گەشتیاران هەیە بەتایبەتی لە وەرزەکان، زۆر کەس حەز بە وەرزێك ئەکات و حەز بە وەرزێك ناکات، بۆ نموونە لە وەرزی زستاندا هاووڵاتی هەیە بەدوای ناو بەفر و بەستەڵەکدا ئەگەڕێت، کەچی هاووڵاتی تر هەیە هەرگیز ئەو وەرزەی بەلاوە پەسەند نییە، بەهۆی بەرگەنەگرتنی سەرما، هەروەها بە پێچەوانەشەوە. سەبارەت بەوەی کە لەگەڵ زیادبوونی داهاتدا خواستی گەشتیارییش لە زیادبووندایە، لەئێستادا بازاڕەکانی هەرێم پڕە لە هاووڵاتی عەرەب ئەویش بەهۆی زیادبوونی داهاتیان بەرامبەر بە کورد کە لە ناوچەی خۆیەتی لە شوێنە گەشتیارەکان ئەوەندەی عەرەب ئەبینرێت کورد نابینرێت.
ئەم تایبەتمەندیانە دیاریکەری سەرەکی بڕیارەکانی گەشتکردنن، چونکە گەشتیاران بەدوای ئەزموونێکی ناوازەدا ئەگەڕێن، و تایبەتمەندییەکانی خواستی گەشتیاریی ئاماژە بە پێویستی پێشکەشکردنی ئەزموونی گەشتیاریی هەمەچەشن ئەکەن، کە چاوەڕوانی و پێداویستییەکانی گەشتیاران دابین بکات.

## دووەم: ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر خواستی گەشتیاریی:

**١- داهات**

داهات لە دیاریکردنی قەبارەی خواستی گەشتیارییدا بە گرنگ دائەنرێت چونکە، خەرجی بۆ گەشتکردن پەیوەستە بە ئاستی داهاتەوە تا داهاتی تاک زیاتر بێت خەرجی گەشتکردن زیاتر ئەبێت، تاک بەشێک لە داهاتەکەی پاشەکەوت ئەکات بۆ مەبەستی کڕینی خزمەتگوزاری گەشتیاریی لە ڕێگەی گەشتێکی گەشتیارییەوە، واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان داهات و خواستی گەشتیاریی تا داهات زیاتر بێت خواست لەسەر گەشتیاریی زیاتر ئەبێت، بە پێچەوانەشەوە لەگەڵ مانەوەی هۆکارەکانی تر بە جێگیری (صالح، ٢٠٢١: ٨١).

**٢- نرخ**

فاکتەری نرخ فاکتەرێکی گرنگە و خواستی گەشتیاران خواستێکی هەستیارە بۆ نرخ، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان نرخ وخواستی گەشتیارییدا لەگەڵ مانەوەی هۆکارەکانی تر بە جێگیری، ئەگەر لە ناوچەیەکدا نرخی خزمەتگوزارییەکان بەرزببێتەوە ئەوا ڕێژەی خواستی گەشتیاران کەم ئەبێتەوە بە ڕێژەیەکی زیاتر لە ڕێژەی بەرزبوونەوەی نرخەکان، تەنها نرخی خزمەتگوزاری گەشتیاریی نییە کە کاریگەری لەسەر خواستی گەشتیاران هەیە بەڵکو گەشتیارەکە گرنگی بە نرخی کاڵاکانی تریش ئەیات، کە ئەگەری هەیە بیکڕێت، کە ئەوانەش بریتین لەو کاڵایانەی ئەتوانرێت لە ماوەی گەشتەکەدا هەڵبگیرێن وەک جلوبەرگ ، دیاری و هەندێک کەلوپەلی ئەنتیکە (جاسم، الجليحاوي، ٢٠١٥: ٣١٩).

**٣- کاتی بەتاڵ (کات بەسەربردن، پشوو)**

خواستی گەشتیاریی پەیوەستە بە کاتی بەتاڵەوەو بەبێ کاتی بەتاڵ خواستی گەشتیار بەدی نایەت و پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی راستەوانەیە، هەتا کاتی بەتاڵ زیاتر بێت خواستی گەشتیاریی زیاتر ئەبێت لەگەڵ مانەوەی هۆکارەکانی تر بەجێگیری (سعود، ٢٠١٩: ٩).

**٤- پێکهاتەی تەمەن**

تەمەن لە خواستی گەشتیارییدا زۆر گرنگە، تا گروپی گەنجان لە کۆمەڵگادا زیاتر بن بە بەراورد بە گروپە تەمەنییەکانی تر خواستی گەشتیاریی زیاتر ئەبێت بە پێچەوانەشەوە لەگەڵ مانەوەی هۆکارەکانی تر بە بەجێگری. هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەنجان هێزی جەستەیی بەرز و وزەی زۆر و پاڵنەرێکی گەورەیان هەیە بەرەو گۆڕانکاری و نوێبوونەوە و زانین ئەمەش پاڵیان پێوەئەنێت بۆ گەشتکردن (جاسم، الجليحاوي، ٢٠١٥: ٣٢٠).

**٥- پێکهاتەی دانیشتووان**

خواستی گەشتیاریی پەیوەستە بە ژمارەی دانیشتووان و پەیوەندی نێوانیان راستەوانەیە هەتا قەبارەی دانیشتوان زیاتر بێت خواستی گەشتیاریی زیاتر ئەبێت لەگەڵ مانەوەی هۆکارەکانی تر بە جێگیری. تەنها قەبارەی دانیشتوان نییە کە خواستی گەشتیاریی دیاری ئەکات بەڵکو تایبەتمەندی تری دانیشتووان هەن کە رۆڵیان هەیە لە خواستی گەشتیارییدا لەوانە:

ا- رەگەز: واتە رێژەی نێر و مێ لە کۆمەڵگادا، تا رێژەی نێر زیاتر بێت خواستی گەشتیاریی زیاتر ئەبێت بەو پێیەی نێرەکان زیاتر چێژ لە ئازادی وەرئەگرن بەو هۆیەوە توانا و ئارەزووی زیاتریان هەیە بۆ ئەنجامدانی گەشتە گەشتیارییەکان.

ب- باری خێزانی: واتە رێژەی خێزاندار و رێژەی سەڵت، تا ژمارەی سەڵت زیاتر بێت خواستی گەشتیاران زیاتر ئەبێت بەو پێیەی ئەو کەسانەی هاوسەرگیرییان نەکردووە ئازادییەکی زیاتریان هەیە و ئەتوانن گەشتی گەشتیاریی زیاتر بکەن.

ج- ژمارەی منداڵ لە خێزاندا: تا ژمارەی منداڵ لە یەک خێزاندا زیاتر بێت خواستی گەشتیار کەمتر ئەبێتەوە، زۆریی منداڵ پابەندبوونی سەرۆکی خێزان زیاد ئەکات، هەروەها ژمارەی منداڵ کاریگەری لەسەر فاکتەری تێچوون ئەبێت.

هـ- پیشە: پیشە و جۆرەکەی کاریگەری لەسەر قەبارەی خواست هەیە، هەندێک پیشە هەیە کە تایبەتمەندە بە زۆر گەشتکردن وەک وەرزشوانان، بازرگانان ...هتد ، لەکاتێکدا پیشەیتر هەیە کە خاوەنەکانیان سنووردار ئەکات وەکو سەربازە پلە بەرزەکان (علوان وآخرون، ٢٠٠٨: ٢١٦-٢١٧).

**٦- سەقامگیری سیاسی و ئاسایشی**

خواستی گەشتیاریی زۆر هەستیارە بە بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی، تا سەقامگیری سیاسی و ئاسایشی زیاتر بەدی بهێنرێت و پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان وڵاتان پتەوتربێت خواستی گەشتیاریی زیاتر گەشە ئەکات، و بەپێچەوانەکەشی راستە لەگەڵ مانەوەی هۆکارەکنی تر بەجێگیری (الحوری، الدباغ، ٢٠٠١: ٣٢).

**٧- نرخی دراو**

تـا نرخـی ئاڵوگـۆڕی دراو بـۆ ئـەو وڵاتانـەی میوانـداری گەشـتیاران ئەکـەن کەمـتر بێـت، توانـای کڕینـی ئـەو گەشـتیارانەی دێنـە لایـان زیاتـر ئەبێت، بەمـەش خواسـتی گەشـتیاران لەسـەریان زیاتـر ئەبێـت (سـعود، ٢٠١٩: ١٠).

**٨- ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیری**

پەیوەنـدی لـە نێـوان خواسـتی گەشـتیاریی لەگـەڵ ئاسـتی خوێنـدن و ڕۆشـنبیریدا پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوانەیە، تـا ئاسـتی خوێنـدن بەرزتـر بێـت خواسـتی گەشـتیاران زیاتـر ئەبێـت هۆکارەکەشـی ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو زانینـەی کـە ڕۆشـنبیر چێـژی لـێ وەرئەگرێـت ئەمـەش هاندەرێکـە، کـە پـاڵ بـە تاکـەوە ئەنێـت بـۆ ئـەوەی لـە نزیکەوە ئاشـنای کولتـوور و هێـما شارسـتانییەکان بێـت (علـوان وآخـرون، ٢٠٠٨: ٢٠١٨).

**٩- تەکنەلۆجیا:**

تەکنەلۆجیـا کاریگـەری هەیـە لـە سـەر ئامرازەکانـی گواسـتنەوە و گەیانـدن، کەمکردنـەوەی هـۆکاری دووری و کەمکردننـەوەی تێچـوون، بـەم شـێوەیە پەیوەنـدی نێـوان تەکنەلۆجیـا و خواسـتی گەشـتیاریی پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوانەیە واتـە هەتـا تەکنەلۆجیـا پەرەبسـەنێ خواسـتی گەشـتیاریی زیاتـر ئەبێـت. ئەمـەش خۆیئەبینێتـەوە لـە پەرەسـەندنی تەکنەلۆجیـای زانیـاری و پەیوەنـدی وەک: ئینتەرنێـت، سـایتی شـوێنگرتن بەشـێوەی ئۆنلایـن، ڕیـکلام و بانگەشـەکردنی ئەلیکترۆنـی و هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە خواسـتی گەشـتیاریی زیـاد ئەکـەن (صالـح، ٢٠٢١: ٨٣).

**١٠- ئامرازەکانی بازاڕسازی**

ئەرکـی ئامرازەکانـی بازاڕسـازی بریتییـە لـە هاندانـی خواسـتی گەشـتیاران و گۆڕینـی خواسـتی شـاراوە بـۆ خواسـتی ڕاسـتەقینە لـە ڕێگـەی ریـکلام و پەیوەندییـە گشـتییەکانەوە، پەیوەنـدی نێـوان خواسـتی گەشـتیاریی و ئامرازەکانی بازاڕسـازی پەیوەندییەکی ڕاسـتەوانەیە (سـعود، ٢٠١٩: ٩).

**١١- ڕێکارەکانی گەشتی گەشتیاران**

گەشـتیاریی لـە ئێسـتادا بووەتـە گەشـتیارییەکی سـنووردار یـان، ئاراسـتەکراو بـەو مانایـەی کە پرۆسـەی گەشـتکردن ملکەچـی کۆمەڵێـک یاسـا و ڕێـکارە کـە پێویسـتن، و ئـەم ڕێکارانـە ڕۆژ بـە ڕۆژ ئاڵۆزتـر ئەبـن بـە تایبـەت سـەبارەت بـە گەشـتیاریی بیانـی. هەتـا ڕێـکارەکان زیاتـر بـن و ئاڵۆزتـر بـن خواسـتی گەشـتیاران کەمـتر ئەبێتـەوە و بـە پێچەوانەشـەوە، لەگـەڵ مانـەوەی هۆکارەکنـی تـر بەجێگـری (الحـوری، الدبـاغ، ٢٠٠١: ٣٧).

ئـەو هۆکارانـەی کاریگەرییـان هەیـە لەسـەر خواسـتی گەشـتیاریی ئامـاژە بـەو هۆکارانـە ئەکـەن، کـە کاریگەرییـان لەسـەر بڕیـاری تـاک و پێکهاتـەکان هەیـە بـۆ هەڵبژاردنـی شـوێنی گەشـتیاریی و بەشـداریکردن لـە چالاکیـی گەشـتیارییدا. ئـەم هۆکارانـە چەندیـن لایەنـی وەک ئابووریـی، کولتـوور و تەکنەلۆجیـا لەخۆئەگـرن. کاریگەریـی نـرخ، کاتـی بەتـاڵ، جـۆری پیشـە، داهـات، سـەقامگیری ئابـووری و سیاسـی بـە ڕوونـی دیـارە. هەروەهـا تەکنەلۆجیـاش کاریگەریـی هەیـە، چونکـە سۆشـیال میدیـا و ئینتەرنێـت ئەتوانـن ڕۆڵێکـی گـەورە بگێـڕن لـە

دارشتنی رەوتی گەشت و بڕیارەکانی گەشتکردن. بە کورتی، خواستی گەشتیاریی لە ژێر کاریگەری چەندین هۆکاری ئابووریی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و تەکنەلۆژیدایە.

بە تێبینی کردنمان لە ناوچە گەشتیارییەکان، کەسانی بەتەمەنیش ئەبینرا لە ناوچە گەشتیارییەکان، لە هەندێك وڵاتیشدا هاووڵاتیان داوا ئەکەن و خۆپیشاندان ئەکەن بۆ ئەوەی تەمەنی خانەنشینی زیاد نەکەن، بۆ ئەوەی ئەو تەمەنەی هەیانە بە خۆشی و شادی بەسری بەرن و ناوچە گەشتیارەکان بەسەر بکەنەوە، چونکە بەهۆی کار و دەوام نەیانتوانیەوە گەشت بکەن.

## سێیەم: جۆرەکانی گەشتوگوزار:

### ١- گەشتوگوزاری تەندروستی

زاراوەی گەشتیاریی تەندروستی ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەچنە ئەو وڵاتانە یان، ناوچەیەکی پڕ لە پێکهاتەی سروشتی وەک کانیاوی کانزاو گۆگرد، قوڕی ڕەش، لمی گەرم، تەپۆڵکە خۆڵییەکان، کانەکانی خوێ، ئاوی خوێی پاکی دەریا و بیرەکان کە ئاوەکەی جیا ئەکرێتەوە بە هەندێک سوودی کیمیایی و فیزیایی، جگە لە بارودۆخی نوێی کەشوهەوا وەک پلەی گەرمی گونجاو، شێی هەوای ئارام، بای نەرم، کەش و هەوای سەقامگیر یان، دامەزراوەی پزیشکی و ئامێر و تاقیگەی پێشکەوتوو و شارەزایی زانستی و دەرمان و کادری مرۆیی هەیە، کە شارەزایی بەرزیان هەیە لە دابینکردنی هەندێک جۆری چارەسەر و چاودێری تەندروستی پێویست لە نەخۆشخانە و سەنتەری پزیشکی تایبەتمەند بۆ ئەو گەشتیارانە (دانیال، ٢٠١١: ١١-١٢).

### ٢- گەشتوگوزاری کولتووری (ڕۆشنبیری):

شێوازێکی گەشتیارییە ئامانج لێی ناسینی کولتوور و شارستانیەتی ناوچە یان، وڵاتە جیاوازەکانە واتە گەشتوگوزاری چێژی دەروونی و دەستکەوتنی زانیارییە، بۆیە سەردانی ناوچە مێژوویی و شوێنەوارییەکان ئەگرێتەوە کە لە پەرستگا و شانۆ و قەڵا و شورا و کۆشک و پەیکەر و هەروەها مۆزەخانە و کتێبخانەکانی وەک ئەوانەی لە میسر و یۆنان و ئیتالیا و ئیسپانیا و تورکیا و فەڕەنسا و بەریتانیا و چیندا هەن (الزوكة, ٢١٢: ١١٠).

### ٣- گەشتوگوزاری سەردانی شوێنە کۆنەکان و شوێنە مێژووییەکان:

ئەم جۆرە گەشتیارییە بە یەکێک لە گرنگترین مەبەستەکانی گەشتیاریی دائەنرێت و تایبەتمەندە بە هەندێک وڵاتی دیاریکراوی جیهان و ئەم جۆرە گەشتیارییە کەوتۆتە ژێر کێبڕکێی نادادپەروەرانە و ناتوانرێت ڕکابەری ئەم جۆرە گەشتیارییە بکرێت، ئەم جۆرە گەشتیارییە سەردانکردنی شوێنە کۆنەکان و شوێنەوارە مێژووییەکان لەخۆئەگرێت و ئەو وڵاتەی کە شارستانییەتە کۆنەکانی تێیدا نیشتەجێ نەبووە ناتوانێت رکابەری لەم جۆرە گەشتیارییە بکات و ئەم جۆرە گەشتیارییە بە یەکێک لە باشترین جۆرەکانی گەشتیاریی دائەنرێت، و ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ لای خۆی رائەکێشێت و وڵاتی میواندار ئەتوانێت جۆرو و ئاستی گەشتیاران دیاری بکات (عبوي, ٢٠١٦: ٥٠).

**٤- گەشتوگوزاری وەرزشی:**

بریتییە لەگواستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە شێوەیەکی کاتی بۆ مەشقکردن یان، سەیرکردنی چالاکییە وەرزشییەکان ئەم جۆرە گەشتیارییە گەشتی ماسیگرتن و خلیسکانی سەر سەهۆڵ و کەشتیوانی و خولی وەرزشی تیادا ئەکرێت، و ئەم جۆرە گەشتوگوزارە پێویستی بە دامەزراندنی ژێرخان و سەرخانێک هەیە لە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتن و گەشەکردندا هەروەها دابینکردنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و هۆتێلی تایبەتمەند (الزاملي، الطائي، ٢٠٢١: ٤٣٦).

**٥- گەشتوگوزاری کۆنفرانس:**

واتە بەشداریکردن لە کۆنفرانس یان، بۆنەی سیاسی و ئابووری یان، زانستی کە ڕێکئەخرێت لەسەر ئاستی جیاواز لە نێوان نەتەوە و ناوچەیی و نێودەوڵەتی دا (الزوكة, ٢١٢: ١١٠).

**٦- گەشتوگوزاری ئایینی:**

ئەوە گەشتیارییە، کە پشتئەبەستێت بە سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ شوێنە تایبەتەکانی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان جا ئیسلامی بێت یان، ئایینەکانی تر (الزاملي، الطائي، ٢٠٢١: ٤٣٦).

**٧- گەشتوگوزاری فێستیڤاڵ:**

ئەم جۆرە گەشتیارییە یەکێکە لە جۆرە مۆدێرنەکانی گەشتیاریی، کە لەم ساڵانەی دواییدا بەخێرایی گەشەی کردووە و شێوەی جیاوازی وەرگرتووە، کە تێیدا پێشانگا سازئەکرێت و کۆمپانیا و دامەزراوەکان بەکاریئەهێنن بۆ نمایشکردنی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانیان و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانیان، جگە لە پیشاندانی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەش ئەکرێن و ئەو ئۆفەرە جیاوازانەی پێشکەش ئەکرێن، فێستیڤاڵەکان بوونەتە یەکێک لە توخمەکانی شوێنە گەشتیارییەکان (الزاملي، الطائي، ٢٠٢١: ٤٣٦).

**٨- گەشتوگوزاری پشوو و کات بەسەربردن:**

ئەم جۆرە گەشتیارییە بە یەکێک لە گرنگترین و باوترین جۆرەکانی گەشتیاریی دائەنرێت لە هەموو وڵاتاندا، هەروەها تایبەتمەندە بەوەی کە سروشتێکی گشتی هەیە و زۆرێک لە هاووڵاتیان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەم جۆرە گەشتیارییە پراکتیزە ئەکەن، هەروەها ئەم جۆرە گەشتیارییە پەیوەستە بە کاتەکانی پشوو و پشووی مووچەخۆرەوە وەک کۆتایی هەفتە، پشووی هاوین، پشووی بۆنە ئایینیەکان، پشووی بۆنە نیشتمانییەکان یان، ئەو پشووانەی کە فەرمانبەر ساڵانە لە چوارچێوەی یاسای کاردا بەدەستی ئەهێنێت (عبوي, ٢٠١٦: ٤٥).

**٩- گەشتوگوزاری خوێندن و ڕاهێنان:**

ئەم جۆرە گەشتیارییە بە یەکێک لە جۆرە گرنگ و کۆنەکانی گەشتیاریی دائەنرێت، لە ئێستادا وڵاتانی پێشکەوتوو سەرنجیان لەسەر ئەم جۆرە گەشتیارییەیە و هانی گەشتکردن ئەیەن بە مەبەستی ئەنجامدانی

سـیمیناری پەروەردەیـی یـان، خولـی ڕاهێنـان لـە زانکـۆ و پەیمانـگاکان و زۆرێـک لـە وڵاتـان دەسـتیان کـردووە بـە پێشکەشـکردنی خولـی تایبـەت لـە مـاوەی پشـووەکاندا وەک خولێـک لـە فێربوونـی هونـەری پاککردنـەوە، خوێنـدنـی زمانێکـی دیاریکـراو یـان، لـە بـواری کۆمپیوتەر...هتـد. مـاوەی مانـەوەی گەشـتیار بـۆ ئـەو مەبەسـتە درێـژە لـە هەفتەیەکـەوە دەسـت پێئـەکات تـا چەنـد مانگێـک یـان چەنـد سـاڵێك، هەربۆیـە خەرجـی گەشـتیارەکە زۆر ئەبێـت. کۆمپانیـا و ڕێکخـراوی تایبـەت هەیـە، کـە ئـەو جـۆرە خولـە فێرکاریيانـە ڕێکئەخـەن هەروەهـا سـەندیکای پیشـەیی هەیـە، کـە هەمیشـە هەوڵـی ڕێکخسـتنی ئـەو جـۆرە خـول و خوێندنـە ئەیـەن (عبـوي, ٢٠١٦: ٤٨-٤٩).

**١٠- گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی**

بریتییـە لـە بەکارهێنانـی بازرگانـی ئەلیکترۆنـی لـە بـواری گەشـتیارییدا بـۆ ئاڵوگـۆڕی کاڵا و خزمەتگـوزاری گەشـتیاریی لـە نێـوان دامـەزراوە گەشـتیارییەکان هەندێکیـان لەگـەل هەندێکـی تریـان، هەروەهـا لـە نێـوان دامـەزراوە گەشـتیارییەکان و کڕیارەکانیـان لەوانـەش: بەبازاڕکـردن، ریـکلام، کڕیـن و فرۆشـتن و خزمەتگـوزاری دوای فرۆشـتن. هەروەهـا گەیانـدن و پارەدانـی ئەلیکترۆنـی لەخۆئەگرێـت و هەمـوو ئـەم پرۆسـانە ئەتوانـرێ لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی یـان، لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی ئەنجـام بدرێـن (دانیـال، ٢٠١٠: ٣٩).

لـە کوردسـتانیش هەندێـک ناوچـەی پـڕ لـە پێکهاتـەی سروشـتی و شـوێنەواری مێژوویـی و فێسـتیڤاڵ و شـوێنی ئایینـی هەیـە، کـە سـەرنجی گەشـتیاران ڕائەکێشـن وەک: ناوچـەی جەلـی لـە کۆیـە خەڵـك ئەچێـت خـۆی ئەخاتـە نـاو ئـاوی گۆگـردەوە بـۆ پێسـت، ئـاوی شـێخی باڵـەکان لـە حاجـی ئۆمـەران خەڵـك ئەچێـت کـە گوایە چارەسـەری بـەردی گورچیلـە ئـەکات، و ئـاوی گۆگـرد لـە خورمـاڵ کـە بەرکارئەهێـنرێ بـۆ هەسـتیاری و چارەسـەی نەخۆشـی پێسـت، هەروەهـا فێسـتیڤاڵی نێودەوڵەتـی گەلاوێـژ و فێسـتیڤاڵی نێودەوڵەتـی سـینەما لـە سـلێمانی و فێسـتیڤاڵی بەهـارە و نـەورزۆ و هەنـار لـە هەڵەبجـە و سـلێمانی، هەروەهـا تەکیـەی کەسـنەزانی لـە سـلێمانی، و خانـەی سـەیدەکان لـە بەرزنجـە، لەگـەڵ چەنـد شـوێنەوارێکی مێژوویـی وەک ئەشـکەوتی هـەزار مێـرد، ئەشـکەوتی جاسـەنە، ئەشـکەوتی قزقاپـان ، ئەشـکەوتی کونەبـا، و ئەشـکەوتی شـانەدەر.

لـە کۆتایـدا سـەبارەت بـە جۆرەکانـی گەشـتیاریی ئەتوانیـن بڵێیـن فرەچەشـنی و فرەیـی ئـەم جۆرانـە ڕەنگدانەوەی جیـاوازی کەسـی و کولتـووری گەشـتیارانە، گەشـتکردن وەک ئامرازێـک بـۆ بەدیهێنانـی ئـارەزوو و پێداویسـتییە جۆراوجـۆرەکان سـەرهەڵئەیات، جـا ئـەو ئارەزووانـە پەیوەندییـان بـە چێژوەرگرتـن لـە سروشـت، گـەڕان بـە مێـژوو و کولتـوور، وەرزشـکردن، یـان تەنانـەت چێژوەرگرتـن لـە خواردنـەوە هەبێـت.

## چوارەم: جۆرەکانی خواستی گەشتیاریی

پۆلێنکردنی خواستی گەشتیاریی بەپێی چەند پێوەرێک جیاوازە لەوانە:

١- پۆلێنکردن بەپێی تەوەری خواست: بەپێی ئەم پێوەرە ئەتوانرێت خواستی گەشتیاریی پۆلێن بکرێت بۆ:

١.١- خواسـتی گەشـتیاریی گشـتی: واتـە کـۆی خواسـت لەسـەر خزمەتگـوزاری گەشـتیاریی، ئـەم جـۆرە خواسـتە پەیوەنـدی بـە پرۆسـەی گشـتی گەشـتیارییەوە هەیـە نـەك بـە جۆرێکـی دیاریکـراوەوە.

١.٢- خواسـتی گەشـتیاریی تایبەتـی: ئـەم جـۆرە بەسـتراوەتەوە بـە بەرنامەیەکـی تایبەتـی گەشـتیاریی، کـە گەشـتیار

بـۆ تێرکردنـی ئـارەزوو و پێداویسـتییەکانی دیـاری ئـەکات و ئـەم بەرنامەیە لەسـەر بنەمـای تێرکردنـی ئارەزووەکانە.
١.٣- خواسـتی گەشـتیاریی وەرگیـراو یـان، داتـاشراو: پەیوەنـدی بـە خزمەتگـوزاری گەشـتیارییەوە هەیـە کـە تەواوکـەر یـان، پێکهێنـەری بەرنامـەی گەشـتیارییە وەک خواسـت لەسـەر هۆتێـل یـان، هۆکارەکانـی گواسـتنەوە (ئاسـمانی، زەمینـی، ئاویـی) (صليحـة، ٢٠١٤: ٢١).

## ٢- پۆلێنکردن بەپێی ئەندازەی جێبەجێبونی خواست: بەم پێیە ئەمانەی خوارەوە لەخۆئەگرێ:

٢.١- خواسـتی گەشـتیاریی چـالاک (الفعـال): ئـەم جـۆرە خواسـتە خواسـتێکی روونـە لەلایـەن گەشـتیارەوە، و گرنگتریـن هـۆکارەکان بـۆ بەرجەسـتەبوونی بریتیـن لـە: ئـارەزوو، کاتـی بەتـاڵ، توانـای پـارەدان، هەروەهـا بارودۆخـی گونجـاوی تـر کـە پاڵنـەری خواستەکەن. ئـەم خواسـتە کـۆی ژمـارەی گەشـتیارانی هاتـوو لەخـۆ ئەگـرێ، کـە توانـای خەرجییەکانـی گەشـتیارییان هەیـە و ئامـادەن گەشـت بکـەن بـۆ ناوچەیەکـی دیـاری کـراو لـە مـاوە و کاتێکـی دیاریکـراودا (سـعود، ٢٠١٩: ٨).

٢.٢- خواسـتی گەشـتیاریی شـاراوە (الكامـن): ئاماژەیـە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە پاڵنەریـان هەیـە بـۆ گەشـتکردن بـە مەبەسـتی گەشـتیاریی بـەڵام، ناتوانـن گەشـت بکـەن واتـە بریتییـە لـەو خواسـتەی لـە ئێسـتادا چـالاک نییـە، ئەمـەش خـۆی ئەبینێتـەوە لـە فەراهەمنەبوونـی یەکێـک لـە بنەمـا سـەرەکییەکانی خواسـتی گەشـتیاریی لای گەشـتیاران بـۆ سـەردانیکردنی ناوچـەی گەشـتیاریی بەهـۆی هەندێـک سـنووردارکردنی پەیوەسـت بـە لایەنـی دارایـی وەک: نەبوونـی خەرجییەکانـی گەشـتەکە یـان، بەهـۆی نەبوونـی کاتـی پێویسـت (سـميرة, ٢٠١٥: ٥٤).

٣. پۆلێنکردن بەپێی شوێنی جوگرافی: ئەم پۆلێنکردنە یەکێکە لە جۆرە بەربڵاوەکان، و بریتییە لە:

٣,١ خواسـتی گەشـتیاریی ناوخۆیـی: کـۆی ژمـارەی ئـەو کەسـە ناوخۆییـە ئەگەرییانـە (المحتمـل) لەخـۆ ئەگـرێ کـە بەشـداری لـە جوڵەیەکـی گەشـتیارییدا ئەکـەن بـەرەو ناوچەکانـی وڵاتەکەیـان لەچوارچێـوەی گەشـتوگوزاری ناوخـۆدا جووڵـەی گەشـتیاریی سـنووره جوگرافییەکانـی وڵات تێناپەڕێنێـت. واتـە دەرچوونـی هاوڵاتیانـی نیشـتمانە لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئاسـایی خۆیـان بـۆ سـەردانی ناوچەکانـی تـر، و لانیکـەم شـەوێک لـەوێ بەسـەر بـەرن نـەک بـۆ مەبەسـتی کار بەڵکـو بـۆ مەبەسـتی کات بەسـەربردن.

٣,٢.خواسـتی گەشـتیاریی ناوچەیـی (الإقليمـي): هەندێـک وڵات هەوڵئەیـەن لـە چوارچێـوەی سـتراتیژییەکانیاندا ژمارەیەکـی زۆر لـە هاوڵاتیانـی وڵاتانـی دراوسـێیان بـۆ لای خۆیـان ڕابکێشـن بـە تایبـەت بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە خـاوەن داهاتـی مامناوەنـدن و ناتوانـن بچنـە شـوێنە دوورەکان، و خێزانـەکان ئـەم جـۆرە گەشـتیارییەیان پـێ باشـترە بەهـۆی نزیکیـی کولتوورەکانـەوە، کـە ئەمـەش ئاسـایش و ئاسـوودەیی زیاتریـان بـۆ دابیـن ئـەکات.

٣,٣ خواسـتی گەشـتیارانی بیانـی یـان نێودەوڵەتـی: نوێنەرایەتـی ئـەو گەشـتیارانە ئـەکات کـە لـە شـوێنەکانی دەرەوەی سـنوورەکانی دەوڵـەت دێـن، واتـە لـە لایـەن کەسـانی وڵاتانـی بیانییـەوە پێکدێـت، کـە لەسـەر بنەمـای سەرنجراکێشـانی بەهێـز و وەسـتانەوەی گەشـتیاریی لـە شـوێنە بیانیەکانـی دوور لـە نیشـتمانیان شـوێنێکی مەبەسـت هەڵئەبژێـرن (سـعود، ٢٠١٩: ٨-٩).

# باسی سێیەم

## شیکردنەوەی کاریگەریی راگەیاندنی گەشتیاریی لە زیادکردنی خواستی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی

شیکردنەوەی کاریگەریی راگەیاندنی گەشتیاریی لە زیادکردنی خواستی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی، تیشک ئەخاتە سەر لێکۆڵینەوە لە ئاستی کاریگەریی ئامرازەکانی راگەیاندنی گەشتیاریی، لەسەر گەشتیاران و خواستیان بۆ سەردانکردنی شارەکە، هەروەها لێکۆڵینەوە لەو ئاستەنگ و دەرفەتانە ئەکات کە پەیوەندییان بە راگەیاندنی گەشتیارییەوە هەیە، و پێشنیار پێشکەش ئەکات بۆ بەهێزکردنی ستراتیژییەکانی راگەیاندنی گەشتیاریی لە داهاتوودا.

### یەکەم: زانیاری گشتی نموونەی توێژینەوەکە:

ئەم خشتانەی خوارەوە داتا و زانیاری گشتی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە لەخۆئەگرێ لە ڕووی تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن، پیشە و شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداربووان.

خشتەی (١)

تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە

| تەمەن | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| خوارو ٢٠ ساڵ | ٢٦ | ١٣ |
| ٢٠ – ٣٠ ساڵ | ٧٥ | ٣٧.٥ |
| ٣١ – ٤٠ ساڵ | ٥٠ | ٢٥ |
| ٤١ – ٥٠ ساڵ | ٢٩ | ١٤,٥ |
| ٥١ – ٦٠ ساڵ | ٩ | ٤,٥ |
| ٦١ ساڵ و زیاتر | ١١ | ٥,٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆرمی راپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

بەگوێرەی خشتەی (١) زۆرترین بەشداربووان لە راپرسیەکەدا تەمەنیان لە نێوان (٢٠ بۆ٣٠ ) ساڵیدایە هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی تا چینی گەنجان لە کۆمەڵگەدا زیاتربێت بە بەراورد بە چینی منداڵ و بەساڵاچووان خواستی گەشتیاریی زیاتر ئەبێت چونکە، گەنجان هێزی جەستەیی و دەروونییان هەیە، کە پاڵنەریان ئەبێت بۆ ئەنجامدانی چالاکیە گەشتیارییەکان و ڕێژەکەی ئەگاتە ٣٧.٥٪، و کەمترین بەشداربووان لە راپرسیەکەدا تەمەنیان لە نێوان (٥١ بۆ ٦٠) ساڵیدا بووە، کە ڕێژەکەی ئەگاتە ٤,٥٪ ، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی دوو هۆکارەوە بێت، یەکەم لە کۆتاییەکانی تەمەنی کارکردندان و کاتی بەتاڵیان کەمە، دووەم وەکو گەنج هێزی جەستەیی و وزەی پێویستیان نییە بۆ چالاکیە گەشتیارییەکان.

خشتەی (٢)

ڕەگەزەی نموونەی توێژینەوەکە

| ڕەگەز | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| نێر | ١٠٠ | ٥٠ |
| مێ | ١٠٠ | ٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆڕمی راپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

بەگوێرەی خشتەی (٢) لە سەدا ٥٠٪ ی ئەو کەسانەی، کە بەشداری ئەم راپرسییەیان کردووە رەگەزی نێرن و لە سەدا ٥٠٪ ی ئەو کەسانەی کە بەشداری ئەم راپرسییەیان کردووە رەگەزی مێن. بەشێوەیەکی گشتی تا رێژەی نێر لە کۆمەڵگادا زیاتر بێت خواستی گەشتیاریی زیاتر ئەبێت، بەو پێیەی نێرەکان زیاتر چێژ لە ئازادی وەرئەگرن بەڵام، لەم راپرسییەدا رێژەی نێر و مێ یەکسانن، رەنگە ئەمە بەهۆی ئەوەوە بێت لەم ساڵانەی دواییدا مێیەکانیش زیاتر چێژ لە ئازادی گەشتکردن وەرئەگرن بەراورد بە ساڵانی رابردوو.

خشتەی (٣)

ئاستی خوێندن و بڕوانامە

| ئاستی خوێندن | دووبارەبونەوە | رێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٢ | ١ |
| نوسین و خوێندنەوە | ٤ | ٢ |
| سەرەتایی | ٤ | ٢ |
| ناوەندی | ٢٥ | ١٢.٥ |
| ئامادەیی | ٣٧ | ١٨.٥ |
| دبلۆم | ٢٢ | ١١ |
| بەکالۆریۆس | ٦٢ | ٣١ |
| ماستەر | ٣١ | ١٥,٥ |
| دکتۆرا | ١٣ | ٦.٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆڕمی راپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

خشتەی (٣) ئاستی خوێندن و بڕوانامەی بەشداربووان پیشان ئەدات کە زۆرترین رێژە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە و رێژەکەی ئەگاتە ٣١٪، و کەمترین رێژەی بەشداربووان لە ١٪ بووە کە نەخوێندەوارن.

خشتەی (٤)

پیشەی نموونەی توێژینەوەکە

| پیشە | دووبارەبونەوە | رێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| خوێندکار | ٢٨ | ١٤ |
| فەرمانبەری حکومی | ٤٥ | ٢٢.٥ |
| فەرمانبەری کەرتی تایبەت | ٤٣ | ٢١.٥ |
| کاری سەربەخۆ | ٤١ | ٢٠.٥ |
| کرێکار | ٦ | ٣ |
| بێکار | ٢٨ | ١٤ |
| پیشەی تر | ٩ | ٤.٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆڕمی راپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

بەگوێرەی خشتەی (٤) زۆرترین بەشداربوو لە راپرسیەکەدا فەرمانبەری حکومین، کە رێژەکەیان ئەگاتە ٢٢.٥٪، و فەرمانبەری کەرتی تایبەت لە پلەی دووەمدان، کە رێژەکەیان ئەگاتە ٢١.٥٪، و خاوەن کاری سەربەخۆ لە پلەی سێیەمدان، کە رێژەکەیان ئەگاتە ٢٠.٥٪، ئەوەی تێبینی ئەکرێت رێژەکانیان نزیکن لەیەکەوە، و کەمترین بەشداربوو لە راپرسیەکەدا کرێکارە، کە رێژەکەی ئەگاتە ٣٪ . رەنگە ئەمە بەهۆی ئەوەوە بێت بەگشتی خواستێکی زۆر هەیە بۆ کارکردن لەکەرتی گشتیدا، لەبەرئەوەیە زۆرترین بەشداربوو لە راپرسیەکەدا فەرمانبەری حکومین بەڵام، لە ئێستادا دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا تەواو کەمبۆتەوە، لەبەرئەوە پەنا ئەبرێت بۆ کەرتی تایبەت و دامەزراندی کاری سەربەخۆ بۆ بەدەسهێنانی هەلی کار، و سەبارەت بەوەی کەمترین بەشدار بوو لە راپرسیەکەدا کرێکارە رەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆئەوەی کرێکار هەموو رۆژێک کاری دەستناکەوێت و تێکڕای داهاتی مانگانەی زۆر نییە.

خشتەی (٥)

دانیشتوانی نموونەی توێژینەوەکە

| رێژەی سەدی٪ | دووبارەبونەوە | دانیشتوی |
|---|---|---|
| ٢٠ | ٤٠ | سلێمانی |
| ١٤ | ٢٨ | هەولێر |
| ١٠ | ٢٠ | هەڵەبجە |
| ٢٦ | ٥٢ | ناوەڕاست و باشوری عێراق |
| ٤ | ٨ | خانەقین |
| ٨.٥ | ١٧ | کەرکوک |
| ٥.٥ | ١١ | چەمچەماڵ |
| ٢.٥ | ٥ | رانیە |
| ٤ | ٨ | پێنجوێن |
| ٢.٥ | ٥ | کەلار |
| ١ | ٢ | هەورامان |
| ٢ | ٤ | دانیشتوی بیانی (دەرەوەی وڵات) |
| ٪١٠٠ | ٢٠٠ | کۆی گشتی |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆرمی راپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

بەگوێرەی خشتەی (٥) زۆرترین بەشداربووان لە راپرسیەکەدا، کە سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانیان کردووە دانیشتوانی ناوەڕاست و باشوری عێراقن، کە رێژەکەیان ئەگاتە ٢٦٪ و کەمترین بەشداربووان لە راپرسیەکەدا دانیشتوانی هەورامانن، کە رێژەکەیان ئەگاتە ١٪ . رەنگە ئەمە بەهۆی ئەوەوە بێت دانیشتوانی ناوەڕاست و باشوری عێراق داهاتیان باشتر بێت بەراورد بە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوەش ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی سەرنجی دانیشتوانی ناوەڕاست و باشوری عێراقی راکێشاوە بۆ سەردانکردن و گەشتەکانیان، و سەبارەت بە دانیشتوانی هەورامان خۆیان ناوچەی گەشتیاریی، شوێنی حەوانەوەی گەشتیار، چێشتخانە و ناوچەی سروشتیی سەرنجڕاکێشیان هەیە.

## دووەم: زانیاری تایبەتی نموونەی توێژینەوەکە:

ئـەم بەشـەی ڕاپرسـییەکە داتـا و زانیـاری تایبەتـی بەشـداربووانی ڕاپرسـیەکە لەخۆئەگـرێ کـە بریتیـن لـە داهاتـی مانگانـە، تێکـڕای خەرجـی بـۆ گەشـتیاریی، ژمـارەی گەشـتکردن و بەدواداچونـی ئامرازەکانـی ڕاگەیاندنـی گەشـتیاریی.

خشتەی (٦)

تێکڕای داهاتی مانگانە

| تێکڕای داهاتی مانگانەت چەندە؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| کەمتر لە ٥٠٠ هەزار دینار | ٦٨ | ٣٤ |
| لە نێوان ٥٠٠ هەزار بۆ ١ ملیۆن دینار | ٩٥ | ٤٧,٥ |
| لە ١ ملیۆن دینار زیاتر | ٣٧ | ١٨,٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

سـەرچاوە: لەلایـەن توێـژەرەوە ئامـادە کـراوە بـە پشـت بەسـتن بـە داتـاو زانیـاری فۆڕمـی ڕاپـرسی و بەکارهێنـانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

بەگوێـرەی خشـتەی (٦) زۆرتریـن بەشـداربووان لـە ڕاپرسـیەکەدا، داهاتـی مانگانەیـان لـە نێـوان ٥٠٠ هـەزار بـۆ ١ ملیـۆن دینـار دایـە، کـە ڕێژەکەیـان ئەگاتـە ٪٤٧,٥ و کەمتریـن بەشـداربووان لـە ڕاپرسـیەکەدا، داهاتـی مانگانەیـان لـە ١ ملیـۆن دینـار زیاتـرە و ڕێژەکەیـان ئەگاتـە ٪١٨,٥ . ڕەنگـە ئەمـە بەهـۆی ئـەوەوە بێـت زۆرتریـن بەشـداربووانی ڕاپرسـیەکە فەرمانبـەری کەرتـی گشـتی و کەرتـی تایبەتـن، بەشـێوەیەکی گشـتیش داهاتـی مانگانـەی فەرمانبـەر و کارمەنـد لـەو دوو کەرتـەدا لـە نێـوان ٥٠٠ هـەزار بـۆ ١ ملیـۆن دینـار دایـە، و سـەبارەت بـەو بەشـداربووانەی داهاتـی مانگانەیـان لـە ١ ملیـۆن دینـار زیاتـرە ڕەنگـە ئـەو بەشـداربووانەبن کـە خـاوەن کاری سـەربەخۆی خۆیانـن. هەروەهـا ڕەنگـە هەنـدێ هـۆکاری گشـتی ئابووریـش کاریگـەری لەسـەر داهاتـی تاکـی ناوچەکـە هەبێـت، کـە بریتیـن لـە: أ- بەهێزیـی ئابووریـی ناوخۆیـی ناوچەکـە ئەتوانێـت کاریگەرییەکـی زۆر لەسـەر تێکـڕای داهـات هەبێـت، و گەشـەی ئابووریـی ئەتوانێـت داهاتـی تاکـەکان زیـاد بـکات. ب- ڕێـژەی بێـکاری ئەتوانێـت کاریگەرییەکـی بەرچـاوی لەسـەر داهاتـی تاکـەکان هەبێـت. ج- گۆڕانـکاری لـە پێکهاتـەی ئابـووری ناوخۆیـی، وەک گەشـەکردن یـان پوکانـەوەی پیشەسـازییەکان. د- سیاسـەتەکانی حکومـەت، لەوانـەش بـاج و پاڵپشـتی ئابووریـی، ئەتوانـن ڕۆڵ بگێـڕن لـە دیاریکردنـی تێکـڕای داهـات.

خشتەی (٧)

تێکڕای خەرجی بۆ گەشتوگوزار

| تێکڕای خەرجیت بۆ گەشتوگوزار لە سەدا چەندی داهاتەکەتە؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| لە ١٠٪ کەمتر | ٤٤ | ٢٢ |
| لە ١٠٪ | ٣٦ | ١٨ |
| لە ٢٠٪ | ٤١ | ٢٠,٥ |
| لە ٣٠٪ | ٤٢ | ٢١ |
| لە ٤٠٪ | ٢١ | ١٠,٥ |
| لە ٤١٪ و زیاتر | ١٦ | ٨ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆڕمی راپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

خشتەی (٧) داهاتی تەرخانکراوی خەرجی بەشداربووان بۆ گەشتوگوزار روون ئەکاتەوە، کە زۆرترین بەشداربووان لە راپرسیەکەدا تێکڕای لە ١٠٪ کەمتر خەرجییان بۆ گەشتوگوزارە، و رێژەکەیان ئەگاتە ٢٢٪ و کەمترین بەشداربووان لە راپرسیەکەدا لە ٤١٪ و زیاتر خەرجییان بۆ گەشتوگوزار تەرخان کردووە، کە رێژەکەیان ئەگاتە ٨٪.

دیاریکردنی تێکڕای خەرجی بۆ گەشتوگوزار وەک رێژەیەک لە داهات، رەنگدانەوەی رادەی کاریگەری پیشەسازی گەشتیارییە لەسەر ئابووری وڵات و هەروەها رەنگدانەوەی رێژەی خەرجییە، کە تاکەکان بۆ ئەم کەرتە تەرخانی ئەکەن. رەنگە زۆر هۆکار کاریگەرییان لەسەر ئەم رێژەیە هەبێت، لەوانە: أ- تا داهاتی تاکێک یان خێزانێک زیاتر بێت، ئەتوانن پارەی زیاتر بۆ گەشتوگوزار تەرخان بکەن. ب- لە کاتی سەقامگیری ئابووری، تاک و خێزان توانای زیاتریان هەیە بۆ پلاندانان بۆ گەشتکردن و خەرجی زیاتر بۆ گەشتوگوزار. ج- پەرەسەندنی تەکنەلۆجیا، کە ئەبێتە هۆی دابینکردنی بژاردەی نوێ بۆ گەشتکردن و کات بەسەربردن، و بەم شێوەیەش ئەتوانێت کاریگەری لەسەر رێژەی خەرجییەکان بۆ گەشتیاریی هەبێت.

دیاریکردنی تێکڕای خەرجییەکان بۆ گەشتیاریی، بەسوود ئەبێت بۆ تێگەیشتن لە رۆڵی گەشتوگوزار وەک بەشێک لە ئابووریی وڵاتێک، هەروەها تێڕوانینێکە بۆ بەرز نرخاندنی تاکەکان بۆ بەهای کولتووری و گەشتکردن لە ژیانیاندا.

خشتەی (٨)

گەشتکردنی پێشتر بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی

| پێشتر گەشت کردووە بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی؟ | دووبارەبونەوە | رێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩١ | ٩٥,٥ |
| نەخێر | ٩ | ٤,٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆڕمی راپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

بەگوێرەی خشتەی (٨) لە سەدا ٩٥,٥٪ ی ئەو کەسانەی کە بەشداری ئەم راپرسییەیان کردووە پێشتر گەشتیان کردووە بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی، و لە سەدا ٤,٥٪ ی ئەو کەسانەی کە بەشداری ئەم راپرسییەیان کردووە پێشتر گەشتیان نەکردووە بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی. هۆکاری ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی، ئەو گەشتیارانەی کە سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی ئەکەن گەشتیاریی ناخۆیین و لە شاری سلێمانیشدا چەند ناوچەیەکی گەشتیاریی دیاریکراو هەیە بۆیە زۆربەی بەشداربووەکانی راپرسییەکە پێشتر گەشتیان کردووە بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی.

خشتەی (٩)

ژمارەی گەشتکردنی پێشتر

| پێشتر چەند جار گەشتت کردووە بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| پێشتر گەشتم نەکردووە | ٩ | ٤,٥ |
| یەک جار | ٨ | ٤ |
| دوو جار | ٢٦ | ١٣ |
| سێ جار | ٢٧ | ١٣,٥ |
| چوار جار و زیاتر | ١٣٠ | ٦٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆڕمی راپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

بەگوێرەی خشتەی (٩) زۆرترین بەشداربوو لە راپرسیەکەدا چوار جار و زیاتر گەشتیان کردووە بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی، کە ڕێژەکەیان ئەگاتە ٦٥٪، و کەمترین بەشدار بوو لە راپرسیەکەدا یەک جار گەشتیان کردووە بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی و ڕێژەکەیان ئەگاتە ٤٪ . رەنگە ئەمە بەهۆی سەرنجڕاکێشیی ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانییەوە بێت، کە وای لە گەشتیاران کردووە چوار جار و زیاتر گەشت بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی بکەن ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە کوالیتی خزمەتگوزارییەکانی ناوچە گەشتیارییەکانیان لا پەسەند بوبێت.

خشتەی (١٠)

سەرنجڕاکێشی ناوچە گەشتیارییەکان

| سەرنجراکێشی ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی تا چ رادەیەکە ؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| زۆرە | ١٠٩ | ٥٤,٥ |
| مامناوەندە | ٧٨ | ٣٩ |
| کەمە | ١٣ | ٦,٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆڕمی راپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

بەگوێرەی خشتەی (١٠) زۆرترین بەشداربوو لە راپرسیەکەدا پێیانوابووە ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی زۆر سەنجڕاکێشە، کە ڕێژەکەیان ئەگاتە ٥٤,٥٪ و کەمترین بەشدار بوو لە راپرسیەکەدا پێیانوابووە ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی کەم سەنجڕاکێشە و ڕێژەکەیان ئەگاتە ٦,٥٪ . رەنگە هۆی ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە چەندین هۆکار هەبن بۆ ئەوەی ناوچە گەشتیارییەکان سەرنجڕاکێشبن بۆ گەشتیاران بەپێی ئارەزووی تاکەکان ، ئەو هۆکارە سەرەکیانەی کە بەشدارن لە سەرنجڕاکێشکردنی ناوچە گەشتیارییەکان ئەتوانرێت بەم شێوەیە باس بکرێت: بوونی دیمەنی سروشتی، چالاکیی وەرزشی، خواردنی بە تام و هەمەچەشن، بوونی شوێنی جۆراوجۆری بازاڕکردن، ئەنجامدانی بۆنەی ڕۆشنبیری و هونەری، ئاسانکاری گەیشتن بە ناوچەکە گەشتیارییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی گواستنەوە، و ژینگەیەکی سەلامەت و سەقامگیر.

خشتەی (١١)

ئاگاداربوونی ڕاگەیاندن لە بواری گەشتوگوزاردا

| تا چ ئاستێک ئاگاداری ڕاگەیاندنی لەبواری گەشتوگوزاردا؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| زۆر | ٤٣ | ٢١,٥ |
| مامناوەند | ٨٥ | ٤٢,٥ |
| کەم | ٧٢ | ٣٦ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆرمی ڕاپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

بەگوێرەی خشتەی (١١) زۆرترین بەشداربوو لە ڕاپرسیەکەدا بەشێوەیەکی مامناوەند ئاگاداری ڕاگەیاندنن لە بواری گەشتوگوزاردا، کە ڕێژەکەیان ئەگاتە ٤٢,٥٪ و کەمترین بەشدار بوو لە ڕاپرسیەکەدا بەشێوەیەکی کەم ئاگاداری ڕاگەیاندنن لە بواری گەشتوگوزاردا و ڕێژەکەیان ئەگاتە ٢١,٥٪ . هۆکاری بەرزی و نزمی ڕێژەکان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە گەشتیار تا چەند گرنگە بەلایەوە پێش گەشتەکەی ئاگاداری ڕاگەیانی گەشتیاریی بێت و زانیاری تەواو وەربگرێت سەبارەت بەو ناوچە گەشتیارییەی گەشتەکەی بۆ ئەنجام ئەدات، لەبەرئەوە هەندێ گەشتیار بەدواداچوونی زۆری هەیە بۆ ڕاگەیاندن لە بواری گەشتوگوزاردا، هەندێک مامناوەند و هەندێکیش کەم.

خشتەی (١٢)

بەدواداچوونی ڕاگەیاندن لە بواری گەشتوگوزاردا

| ژ | بەدواداچوون بۆ چ جۆرە ڕاگەیاندنێکی گەشتیاریی ئەکەی؟ | | نەخێر | بەڵێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | دوبارەوەبونەوە | ٢١ | ١٧٩ | 200 |
| | | ڕێژەی سەدی | %10.5 | %89.5 | %100 |
| 2 | تەلەفزیۆن | دوبارەوەبونەوە | 114 | 86 | 200 |
| | | ڕێژەی سەدی | %57 | %43 | %100 |
| 3 | ڕادیۆ | دوبارەوەبونەوە | 176 | 24 | 200 |
| | | ڕێژەی سەدی | %88 | %12 | %100 |
| 4 | گۆڤار | دوبارەوەبونەوە | 175 | 25 | 200 |
| | | ڕێژەی سەدی | %78.5 | %12.5 | %100 |
| 5 | ڕۆژنامە | دوبارەوەبونەوە | 169 | ٣١ | 200 |
| | | ڕێژەی سەدی | %84.5 | %15.5 | %100 |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆرمی ڕاپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

بەگوێرەی خشتەی (١٢) زۆرترین بەشداربوو لە ڕاپرسیەکەدا بەدواداچونیان بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە لە بواری ڕاگەیاندنی گەشتیارییدا، کە ڕێژەکەیان ئەگاتە ٨٩,٥٪ و کەمترین بەشدار بوو لە ڕاپرسیەکەدا بەدواداچونیان بۆ ڕادیۆ هەیە لە بواری ڕاگەیاندنی گەشتیارییدا، کە ڕێژەکەیان ئەگاتە ١٢٪. ڕەنگە ئەمە بەهۆی ئەوەوە بێت، کە بەدواداچوونی ڕاگەیاندن لە بواری گەشتوگوزاردا بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسان

بێت، لەبەر هەبوونی ئامرازەکانی وەک لاپتۆپ و ئایپاد و مۆبایلی زیرەک، هەروەها تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئەتوانن نوێکاری خێرا سەبارەت بە رووداوە گەشتیارییەکان پێشکەش بە گەشتیارەکان بکەن و بەدواداچوون بۆ رووداوەکانی ئێستا و رووداوە گەشتیارییەکان بکەن، بەگشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رێگە بە تاکەکان ئەیەن کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ و کاریگەر پەیوەندی بکەن و کارلێک لەگەڵ ناوەڕۆکی گەشتەکەیا بکەن ، ئەمەش وا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەکات ببێتە رێگەیەکی کاریگەر بۆ زیادکردنی بەدواداچونی گەشتیاران، و سەبارەت بە بەدواداچوونی راگەیاندن لە بواری گەشتوگوزاردا بۆ رادیۆ ئاسان نییە، لەبەرئەوەی لە هەموو شوێنێک بەردەست نییە و بەشێوەیەکی گشتی زیاتر خەڵکانی بە تەمەن بەدواداچوونیان هەیە بۆ رادیۆ.

سێیەم: شیکردنەوەی کاریگەریی راگەیاندنی گەشتیاریی لە زیادکردنی خواستی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی

راگەیاندی گەشتیاریی رێخۆشکەرە بۆ راکێشانی سەرنجی گەشتیاران و گەشەی گەشتوگوزار و دەستەبەرکردنی ئەو زانیاریانەی کە پێویستە گەشتیاران بیزانن، ئەمەش لای خۆیەوە ئەبێتە هۆی زیادکردنی خواستی گەشتیاریی، هەروەها راگەیاندی گەشتیاریی کارئەکات لەسەر گرنگیدان بە گەشتیاریی لە رووی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، و کاریگەریی هەیە لەسەر زیادکردنی هۆشیاری گەشتیاران.

خشتەی (١٣)

ئاستی کاریگەریی راگەیاندنی گەشتیاریی لەسەر خواستی گەشتیاریی

| ژ | تەوەری یەکەم راگەیاندنی گەشتیاریی | | بەتەواوەتی هاوڕام | هاوڕام | تا رادەیەک هاوڕام | هاوڕانیم | هاوڕاونیم تا رادەیەکی زۆر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | راگەیاندنی گەشتیاریی وێنەیەکی جوانی ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی گواستۆتەوە. | دوبارەبونەوە | ٨٢ | ٨٧ | ٢٨ | ٢ | ١ | ٢٠٠ |
| | | رێژەی سەدی | %٤١ | %٤٣,٥ | %١٤ | %١ | %٠,٥ | ٪١٠٠ |
| ٢ | راگەیاندنی گەشتیاریی ئەلیکترۆنی وەک: (فەیسبوک، ئینستاگرام، سناپ چات، ڤایبەر و ماڵپەڕەکان ....هتد) کاریگەریی گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیاریی. | دوبارەبونەوە | ١٠٦ | ٧٤ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٢٠٠ |
| | | رێژەی سەدی | %٥٣ | %٣٧ | %١٠ | %٠ | %٠ | ٪١٠٠ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | راگەیاندنی گەشتیاری بینراو وەک: (تەلەڤزیۆن، سینەما، ڤیدیۆ و پێشانگا گەشتیارییەکان ....هتد) کاریگەریی گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیاریی. | دوبارەبونەوە | ١٠٦ | ٧٤ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٢٠٠ |
| | | رێژەی سەدی | %٥٣ | %٣٧ | %١٠ | %٠ | %٠ | ٪١٠٠ |
| ٤ | راگەیاندنی گەشتیاری بیستراو وەک: (رادیۆ) کاریگەریی گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیاریی. | دوبارەبونەوە | ٢٠ | ٤٥ | ٨١ | ٣٤ | ٢٠ | ٢٠٠ |
| | | رێژەی سەدی | %١٠ | %٢٢,٥ | %٤٠,٥ | %١٧ | %١٠ | ٪١٠٠ |
| ٥ | راگەیاندنی گەشتیاری چاپکراو وەک: (گۆڤار، رۆژنامە، پۆستەری گەشتیاریی، پەرتوک و رێبەری گەشتیاریی ....هتد) کاریگەریی گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیاریی. | دوبارەبونەوە | ٣٤ | ٦٢ | ٦٥ | ٢٥ | ١٤ | ٢٠٠ |
| | | رێژەی سەدی | %١٧ | %٣١ | %٣٢,٥ | %١٢,٥ | %٧ | ٪١٠٠ |
| ٦ | راگەیاندنی گەشتیاری لەرێی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردنەوە وەک: (ئاسیا سێڵ، کۆرەک و زەین .... هتد) بە ناردنی پەیام کاریگەریی گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیاریی. | دوبارەبونەوە | ٥٥ | ٨٠ | ٥٣ | ٥ | ٧ | ٢٠٠ |
| | | رێژەی سەدی | %٢٧,٥ | %٤٠ | %٢٦,٥ | %٢,٥ | %٣,٥ | ٪١٠٠ |
| ٧ | هەموو جۆرەکانی راگەیاندنی گەشتیاری کاریگەریی گەورە و ئەرێنییان هەیە لەسەر درێژیی ماوەی مانەوەی گەشتیار لە شاری سلێمانی. | دوبارەبونەوە | ٦٤ | ٧٧ | ٥٠ | ٥ | ٤ | ٢٠٠ |
| | | رێژەی سەدی | %٣٢ | %٣٨,٥ | %٢٥ | %٢,٥ | %٢ | ٪١٠٠ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | راگەیاندنی گەشتیاری گوزارشت ئەکات لە راستی و دروستی کوالیتی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی پێشکەش بە گەشتیاران ئەکرێت. | دوبارەبونەوە | ٤٨ | ٧٧ | ٦٦ | ٤ | ٥ | ٢٠٠ |
| | | ڕێژەی سەدی | %٢٤ | %٣٨,٥ | %٣٣ | %٢ | %٢,٥ | ٪١٠٠ |
| تێکرای گشتی | | ڕێژەی سەدی | ٪٣٠,٥ | ٪٣٦,١٢٥ | ٪٢٥ | ٪٥,٠٦٢٥ | ٪٣,٣١٢٥ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆرمی ڕاپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

خشتەی (١٣) تێکڕای گشتی وەڵامی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە روون ئەکاتەوە سەبارەت بە تەوەری یەکەم، کە بریتییە لە (راگەیاندنی گەشتیاریی) زۆربەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە «هاوڕان» لەگەڵ پرسیارەکانی ئەم برگەیە، کە ڕێژەکەیان ئەگاتە ٣٦,١٢٥٪ و کەمترین بەشداربووانی ڕاپرسییەکە «هاوڕانین تا رادەیەکی زۆر» کە ڕێژەکەیان ئەگاتە ٥,٠٦٢٥٪ ، هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە هۆکارەکانی راگەیاندنی گەشتیاریی کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بە ناوچە گەشتیارییەکان و جۆری خزمەتگوزارییەکان دەستەبەر ئەکات بۆ گەشتیاران بەرلەوەی گەشتەکەیان ئەنجام بدەن.

هەروەها سەبارەت بەم تەوەرە، زۆرینەی بەشداربووان کە ڕێژەکەیان ئەگاتە ٥٣٪ «بەتەواوەتی هاوڕان» و ڕێژەی لە ٣٧٪ ی بەشداربووان «هاوڕان» لەگەڵ پرسیاری ژمارە دوو دا، کە بریتییە لە (راگەیاندنی گەشتیاریی ئەلیکترۆنی وەک: «فەیسبوک، ئینستاگرام، سناپ چات، ڤایبەر و ماڵپەڕەکان ....هتد» کاریگەریی گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیاریی).

خشتەی (١٤)

کاریگەربوونی خواستی گەشتیاریی بە راگەیاندنی گەشتیاریی

| ژ | تەوەری دووەم خواستی گەشتیاریی | | بەتەواوەتی هاوڕام | هاوڕام | تا رادەیەک هاوڕام | هاوڕانیم | هاوڕاونیم تا رادەیەکی زۆر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | راگەیاندنی گەشتیاریی توانیویەتی سەقامگیری و ئارامیی دۆخی ئاسایشی شاری سلێمانی پیشانبدات و هانی گەشتیارانی داوە بۆ دوبارە گەشتکردنەوەیان لە داهاتودا. | دوبارەبونەوە | ٧٢ | ٧٧ | ٣٩ | ٥ | ٧ | ٢٠٠ |
| | | ڕێژەی سەدی | %٣٦ | %٣٨,٥ | %١٩,٥ | %٢,٥ | %٣,٥ | ٪١٠٠ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | راگەیاندنی گەشتیاری بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری شاری سلێمانی کاریگەریی گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی. | دوبارەبونەوە | ٣٠ | ٨٦ | ٦٢ | ١٧ | ٥ | ٢٠٠ |
| | | ڕێژەی سەدی | %١٥ | %٤٣ | %٣١ | %٨,٥ | %٢,٥ | ٪١٠٠ |
| ٣ | گرنگیدان بە فێستیڤاڵە نەتەوەیی و کولتوورییەکان لە ڕێی راگەیاندنی گەشتیارییەوە کاریگەریی گەورەی هەیە لە هاندانی هاتنی گەشتیاران بۆ شاری سلێمانی. | دوبارەبونەوە | ١٠١ | ٥٤ | ٣٠ | ١١ | ٤ | ٢٠٠ |
| | | ڕێژەی سەدی | %٥٠,٥ | %٢٧ | %١٥ | %٥,٥ | %٢ | ٪١٠٠ |
| ٤ | رووماڵکردنی پێشانگا بازرگانییەکان لە ڕێی راگەیاندنی گەشتیارییەوە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی. | دوبارەبونەوە | ٨٤ | ٧٣ | ٣٢ | ٩ | ٢ | ٢٠٠ |
| | | ڕێژەی سەدی | %٤٢ | %٣٦,٥ | %١٦ | %٤,٥ | %١ | ٪١٠٠ |
| ٥ | راگەیاندنی کۆمپامیا و نوسینگە گەشتیارییەکان کاریگەریی گەورەیان هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی. | دوبارەبونەوە | ٥٥ | ٨٩ | ٤٤ | ٩ | ٣ | ٢٠٠ |
| | | ڕێژەی سەدی | %٢٧,٥ | %٤٤,٥ | %٢٢ | %٤,٥ | %١,٥ | ٪١٠٠ |
| ٦ | راگەیاندنی گەشتیاری توانیویەتی خزمەتگوزارییە هەمەجۆرەکان بخاتەڕوو، کە هاندەرە بۆ هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی. | دوبارەبونەوە | ٤٢ | ٨٣ | ٦٦ | ٦ | ٣ | ٢٠٠ |
| | | ڕێژەی سەدی | %٢١ | %٤١,٥ | %٣٣ | %٣ | %١,٥ | ٪١٠٠ |
| ٧ | بەهۆی راگەیاندنی گەشتیارییەوە گەشتیار ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی دۆزیوەتەوە. | دوبارەبونەوە | ٤٧ | ٦٠ | ٧٩ | ١١ | ٣ | ٢٠٠ |
| | | ڕێژەی سەدی | %٢٣,٥ | %٣٠ | %٣٩,٥ | %٠,٥ | %١,٥ | ٪١٠٠ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | ڕاگەیاندنی گەشتیاری سەرکەوتوبووە لە ناساندنی شوێنەکانی مانەوەی گەشتیار (هۆتێل، مۆتێل، شوقە و گوندی گەشتیاری)، کە هۆکارە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیار و زیادکردنی خواستی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی. | دوبارەبونەوە | ٥٩ | ٧٠ | ٥٨ | ٩ | ٤ | ٢٠٠ |
| | | ڕێژەی سەدی | %٢٩,٥ | %٣٥ | %٢٩ | %٤,٥ | %٢ | ٪١٠٠ |
| تێکرای گشتی | | ڕێژەی سەدی | ٪٣٠,٦٢٥ | ٪٣٧ | ٪٢٥,٦٢٥ | ٪٤,٨١٢٥ | ٪١,٩٣٧٥ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆڕمی ڕاپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

خشتەی (١٤) تێکڕای گشتی وەڵامی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە ڕوون ئەکاتەوە سەبارەت بە تەوەری دووەم، کە بریتییە لە (خواستی گەشتیاریی) زۆربەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە «هاوڕان» لەگەڵ پرسیارەکانی ئەم تەوەرەیە، کە ڕێژەکەیان ئەگاتە ٣٧٪ و کەمترین بەشداربووانی ڕاپرسییەکە «هاوڕانین» لەگەڵ پرسیارەکانی ئەم تەوەرەیە کە ڕێژەکەیان ئەگاتە ٤,٨١٢٪ ، هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە خواستی گەشتیاریی زیاد ئەکات بەهۆی کاریگەری ڕاگەیاندنی گەشتیارییەوە.

هەروەها سەبارەت بەم تەوەرە، زۆرینەی بەشداربووان کە ڕێژەکەیان ئەگاتە ٥٠,٥٪ «بەتەواوەتی هاوڕان» و ڕێژەی لە ٢٧٪ بەشداربووان «هاوڕان» لەگەڵ پرسیاری ژمارە سێ دا، کە بریتییە لە (گرنگیدان بە فێستیڤاڵە نەتەوەیی و کولتوورییەکان لەڕێی ڕاگەیاندنی گەشتیارییەوە کاریگەریی گەورەی هەیە لە هاندانی هاتنی گەشتیاران بۆ شاری سلێمانی).

## چوارەم: شیکاریی ئاماری و پێوانەیی کاریگەریی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی لە زیادکردنی خواستی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی:

أ: ڕاستاندنی فۆڕمی ڕاپرسیەکە لە ڕووی جۆرو ژمارەوە، بە ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach's alpha):

خشتەی (١٥)

ڕاستاندنی فۆڕمی ڕاپرسی

| تەوەرەکان | ژمارەی پرسیار | Alpha coefficient |
|---|---|---|
| تەوەری یەکەم: ڕاگەیاندنی گەشتیاریی | ٨ | ٠,٧٤ |
| تەوەری دووەم: خواستی گەشتیاریی | ٨ | ٠,٨٣ |
| کۆی گشتی پرسیارەکان | ١٦ | ٠,٨٢ |

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بە داتاو زانیاری فۆڕمی ڕاپرسی و بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٣).

خشتەی (١٥) ئەوە روون ئەکاتەوە، کە تێکڕای تەوەرەکان یەکسانە بە ٠,٨٢ ئەم ڕێژەیەش بەرزترە لە ٠,٦ واتە بە قبوڵکراو دائەنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر گونجاوی ژمارە و جۆری پرسیارەکان.

ب- خەمڵاندن و پێوانەکردنی کاریگەریی راگەیاندنی گەشتیاریی لەسەر خواستی گەشتیاریی.

زانینی ئاستی کاریگەریی راگەیاندنی گەشتیاریی لەسەر خواستی گەشتیاریی زۆر گرنگە بۆ بەرەوپێشچونی کەرتی گەشتیاریی و هاندانی گەشەسەندنی ئابووریی لە شاری سلێمانی. ئەم شیکارییە ئابوورییە لە کاریگەرییەکانی راگەیاندنی گەشتیاریی لەسەر خواستی گەشتیاریی ئەکۆڵێتەوە، لەگەڵ چۆنێتی پێوانەیی ئەم کاریگەرییە بە شێوەیەکی چەندایەتی لەخۆئەگرێت، ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ پەیوەندی نێوان راگەیاندنی گەشتیای و زیادبوونی خواستی گەشتیاریی ئەکات، و ئاسۆیەک ئەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی راگەیاندنی گەشتیاریی لەسەر شوێنە گەشتیارییەکانی شارەکە و ئابووریی ناوخۆیی.

خشتەی (١٦)

| Beta | تێستی F | | تێستی T | | | Variable |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئاستی مانادار | هەژمارکراو | ئاستی مانادار | هەژمارکراو | | |
| 0.951 | 0.0000 | 1871.43 | 0.0000 | 43.260 | %904 | Tourism Media |

گریمانەی H٠ : راگەیاندنی گەشتیاریی کاریگەریی گرنگ و راستەوخۆی نییە لەسەر خواستی گەشتیاریی.

گریمانەی H١: راگەیاندنی گەشتیاریی کاریگەریی گرنگ و راستەوخۆی هەیە لەسەر خواستی گەشتیاریی.

لە خشتەی (١٦) وە ئەتوانرێت گۆڕانکارییەکانی خواستی گەشتیاریی (گۆڕاوی پاشکۆ) دیاریبکرێت بەهۆی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ (راگەیاندنی گەشتیاریی)یەوە، لە ئەنجامی شیکارییە ئامارییەکەوە دەرکەوتوە کە کاریگەرییەکی گرنگی ئاماریی بەرچاو هەیە لە نێوان راگەیاندنی گەشتیاریی و خواستی گەشتیارییدا، و ڕێژەی (R٢) یەکسانە بە (٠,٩٠)، ئەمەش واتە بەهای گۆڕان لە خواستی گەشتیارییدا لە ئەنجامی گۆڕان لە راگەیاندنی گەشتیارییدا بریتییە لە (٠,٩٠) ئەم ڕێژەیە بریتییە لە ڕێژەی رونکردنەوەی راگەیاندنی گەشتیاریی بۆ خواستی گەشتیاریی بەپێی نموونەی توێژینەوەکە، و گرنگی ئەم کاریگەرییە بە بەهای F و T ی هەژمارکراو پشتڕاست ئەکرێتەوە، کە بریتییە لە (١٨٧١,٤٣) و (٤٣,٢٦) ، و (بەهای P) بۆ ئەم تێستە یەکسانە بە (٠,٠٠٠٠) کە بچووکترە لە ئاستی ماناداری (٠,٠٥)، و ئەمەش هێمای رەتکردنەوەی گریمانەی H٠ و پەسەندکردنی گریمانەی H١ ئەکات، کە ئاماژەیە بۆ هەبوونی کاریگەری ئەرێنی راگەیاندنی گەشتیاریی لەسەر خواستی گەشتیاریی، و پلەی کاریگەرییەکەی یەکسانە بە (٠,٩٥١)، واتە هەرکاتێ راگەیاندنی گەشتیاریی زیاد بکات بە ڕێژەی لە سەدا سەد خواستی گەشتیاریی زیاد ئەکات بە ڕێژەی (٩٥,١٪).

لە کۆتایی ئەم شیکارییە ئابوورییەدا، لەسەر کاریگەریی راگەیاندنی گەشتیاریی لە زیادکردنی خواستی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی، رۆڵی راگەیاندن وەک فاکتەرێکی گرنگ لە بزوێنەری گەشتیاریی و زیادکردنی خواستی گەشتیارییدا بە روونی دەرکەوتووە. لە رێگەی ئەم شیکارییەوە، ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە راگەیاندنی گەشتیاریی بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە لە راکێشانی گەشتیاران و پیشاندانی وێنەیەکی جوانی

شارەکە وەک شوێنێکی گەشتیاریی. هەروەها ئەوە روون ئەکاتەوە کە چۆن راگەیاندن قازانجی ئابووریی بەدەست ئەهێنێت لە رێگەی زیادکردنی خواست لەسەر خزمەتگوزارییە گەشتیارییە ناوخۆییەکان.
لەبەر رۆشنایی ئەم راستیانە، پێویستە لایەنی پەیوەندیدار و بەرێوەبەران و کارمەندانی بواری گەشتوگوزار سوود لەم کاریگەرییە ئەرێنییە وەربگرن و هەوڵەکانی بە بازارکردن ئاراستە بکەن بەرەو بەهێزکردنی راگەیاندنی گەشتیاریی بە شێوازێکی داهێنەرانە و کاریگەر. ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی هەوڵەکانی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت هەیە، لەگەڵ گرنگیدان بە بەهێزکردنی ژێرخانی گەشتیاریی و پێشکەشکردنی ئەزموونی گەشتیاریی جیاواز، لەبەرئەوەی شیکارییە ئابوورییەکە دەریئەخات کە وەبەرهێنان لە بەرەوپێشبردنی راگەیاندنی گەشتیاریی، بریتییە لە هەنگاوێکی ستراتیجی چارەنووسساز بۆ گەیشتن بە گەشەپێدانێکی بەردەوامی گەشتیاریی و بەهێزکردنی چالاکییە ئابوورییەکان لە شاری سلێمانی.

## دەرئەنجام و راسپاردە و پێشنیار

کاریگەریی راگەیاندنی گەشتیاریی لەسەر زیادبوونی خواستی گەشتیاریی لە شاری سلێمانی، بابەتێکی گرنگ و سەرنجڕاکێشە. لێرەیا چەند دەرەنجام و راسپاردە و پێشنیارێک لەسەر ئەم بابەتە ئەخەینەڕوو:

یەکەم: دەرئەنجامەکان:

**لە ئەنجامی خستنەڕووی لایەنی تیۆری و پراکتیکی، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانە:**

١- راگەیاندنی گەشتیاریی ئەبێتە هۆی زیادکردنی خواستی گەشتیاریی بەرێژەیەکی زۆر، واتە هەرکاتێ راگەیاندنی گەشتیاریی زیاد بکات بە رێژەی لە ١٠٠٪ خواستی گەشتیاریی زیاد ئەکات بە رێژەی لە (٩٥,١٪).

٢- زیادبوونی خواستی گەشتیاریی ئەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ رەخساندنی هەلی کار لە کەرتی گەشتوگوزار و زیادکردنی داهاتی گەشتیاریی، ئەمەش هەلی کار لە هۆتێل و چێشتخانە و هۆکارەکانی گواستنەوە دابین ئەکات.

٣- ئەنجامی راپرسی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە ئەکات، کە راگەیاندنی گەشتیاریی رۆڵێکی یەکلاکەرەوە ئەبینێ لە زیادکردنی خواست لەسەر گەشتکردن بۆ شاری سلێمانی.

٤- زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران بۆ شاری سلێمانی، ئەبێتە هۆی پێشکەوتنێکی بەرچاو لە ئابووریی ناوخۆییدا، وەک زیادبوونی داهاتی باج، بەکاربردنی ناوخۆیی و زیادبوونی داهاتی خاوەن کارەکان.

٥- راگەیاندنی گەشتیاریی ئەتوانێت هاندەری پێشخستنی چالاکییە رۆشنبیری و بازرگانی و هونەرییەکان بێت لە شاری سلێمانی، ئەمەش بەشدارە لە بەرزکردنەوەی ناسنامەی کولتووری شارەکە و کردنی بە شوێنێکی گەشتیاریی هەمەچەشن.

٦- لە ئەنجامی شیکارییە ئامارییەکەوە دەرکەوتوە کە کاریگەرییەکی گرنگی ئاماریی بەرچاو هەیە، لە نێوان راگەیاندنی گەشتیاریی و خواستی گەشتیارییدا، و رێژەی ($R^2$) یەکسانە بە (٠,٩٠)، ئەمەش بریتییە لە بەهای گۆڕان لە خواستی گەشتیارییدا لە ئەنجامی گۆڕان لە راگەیاندنی گەشتیارییدا و واتای ئەوەیە کە

بڕی کاریگەرییەکەی زۆرە.

٧- لە تەوەری یەکەمی توێژینەوەکەدا، کە بریتییە لە راگەیاندنی گەشتیاریی زۆرینەی بەشداربوان، کە رێژەکەیان ئەگاتە ٥٣٪ «بەتەواوەتی هاوڕان» هەروەها رێژەی لە ٣٧٪ ی بەشداربوان «هاوڕان» لەگەڵ پرسیاری ژمارە دووی تەوەرەکەدا، کە بریتییە لە (راگەیاندنی گەشتیاریی ئەلیکترۆنی وەک: «فەیسبوک، ئینستاگرام، سناپ چات، ڤایبەر و ماڵپەڕەکان ....هتد» کاریگەریی گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیاریی).

٨- زۆرترین بەشداربوو لە راپرسیەکەدا بەدواداچونیان بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە لە جۆرەکانی راگەیاندنی گەشتیارییدا کە رێژەکەیان ئەگاتە لە ٨٩,٥٪ .

٩- لە تەوەری دووەمی توێژینەوەکەدا، کە بریتییە لە خواستی گەشتیاریی زۆرینەی بەشداربوان، کە رێژەکەیان ئەگاتە ٥٠,٥٪ «بەتەواوەتی هاوڕان» هەروەها رێژەی لە ٢٧٪ ی بەشداربوان «هاوڕان» لەگەڵ پرسیاری ژمارە سێ ی تەوەرەکەدا، کە بریتییە لە (گرنگیدان بە فێستیڤاڵە نەتەوەیی و کولتوورییەکان لەرێی راگەیاندنی گەشتیارییەوە کاریگەریی گەورەی هەیە لە هاندانی هاتنی گەشتیاران بۆ شاری سلێمانی).

## دووەم: راسپاردەکان و پێشنیارەکان:

بە پشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە راسپاردەکان و پێشنیارەکان خۆیان لەم خاڵانەی خوارەوەیا ئەبیننەوە.

**راسپاردەکان**

١- پێویستە لایەنی پەیوەندیدار هەوڵەکانی زیاتر بکات، بۆ بەبازاڕکردن و ناساندنی شاری سلێمانی وەک شوێنێکی گەشتیاریی جیاواز لەرێگەی راگەیاندنی گەشتیارییەوە.

٢- پێویستە لایەنی پەیوەندیدار وەبەرهێنان لە پەرەپێدان و باشترکردنی ژێرخانی شاری سلێمانی بکات، وەک باشترکردنی رێگاوبان و گواستنەوەی گشتی و پەرەپێدانی دامەزراوە گەشتیارییەکان.

٣- پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری شاری سلێمانی هەستێت بە رێکخستنی کۆڕو سیمینار بۆ خاوەن کۆمپانیا و نوسینگە گەشتیارییەکان، سەبارەت بە رۆڵ و گرنگی راگەیاندنی گەشتیاریی لە زیاتر راکێشانی سەرنجی گەشتیاران و زیادکردنی خواستی گەشتیارییدا.

٤- پێویستە راهێنان بە کارمەندانی کەرتی گەشتوگوزاردا بکرێت بۆ دڵنیابوون لە دابینکردنی خزمەتگوزاری کوالیتی بەرز بۆ گەشتیاران.

٥- پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری شاری سلێمانی بەهەماهەنگی لەگەڵ ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی گرنگی زیاتر بدات بە فێستیڤاڵە نەتەوەیی و کولتوورییەکان، لەگەڵ رووماڵکردنی پێشانگا بازرگانییەکان لە رێی راگەیاندنی گەشتیارییەوە چونکە، کاریگەری گەورەی هەیە لە راکێشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ شاری سلێمانی.

**پێشنیارەکان**

١- پێویستە کومپانیا گەشتیارییەکان گرنگی زیاتر بیەن بە ئامرازەکانی راگەیاندن و ناساندنی ناوچە گەشتیارییەکان لە رێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەبەرئەوەی پەیامەکانیان راستەوخۆ و بە ئاسانترین شێوە

ئـەگات بـە گەشـتیاران، ئەمـەش بـە مەبەسـتی هێنانـەدی ئامانجـە ئابوورییەکانـی راگەیاندنـی گەشـتیاریی لـە شـاری سـلێمانی.

٢- پێویسـتە دامـەزراوە و نوسـینگە گەشـتیارییەکان رۆڵـی باشـتر ببینـن لـە زیاتـر ناسـاندنی ناوچەگەشـتیارییەکانی شـاری سلێامانی.

٣- پێویسـتە راگەیاندنـی کومپانیـا و نوسـینگە گەشـتیارییەکان بانگەشـە گەشـتیارییەکانیان بـۆ راکێشـانی گەشـتیار بەشـێوەیەکی راسـت و دروسـت بـڵاو بکەنـەوە.

٤- پێشـنیار بـۆ توێـژەران، ئەنجامدانـی لێکۆڵینەوەیەکـی گشـتگیرتر سـەبارەت بـە توێژینـەوەی داهاتـوو، کـە پارێـزگای سـلێمانی یـان کوردسـتان بـە گشـتی وەربگیرێـت وەکـو سـامپڵی توێژینەوەکـە، و پێشـنیار ئەکرێـت کۆمەڵگاکـەی فروانـتر بکرێـت و ژمـارەی بەشـداربووانی راپرسـیەکە زیـاد بکرێـت بـە رێـژەی لـە ١٠٠٪ واتـە ژمـارەی فۆرمـی راپرسـییەکان بکرێـت بـە (٤٠٠) فـۆرم، بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی زانیاریـی هەمەچەشـنتر و گشـتگیرتر.

## الملخص:

يعـد الإعـلام السـياحي عامـلا مهـما مـن عوامـل زيـادة الاسـتثمـار في القطـاع السـياحي ومسـاهما مؤثـرا في خلـق فـرص عمـل جديـدة وداعـما قويـا لتقويـة الاقتصـاد المحـلي و تحفيـزه, فضـلا عـن ان الإعـلام السـياحي مـن شـأنه أن يؤثـر في زيـادة الدخـل السـياحي وهـذا يـؤدي دورا فاعـلا في زيـادة الدخـل القومـي و زيـادة حصـة القطـاع السـياحي في مجمـوع الإنتـاج المحـلي. والهـدف الرئيـس لهـذا البحـث تحليـل تأثـير الإعـلام السـياحي في زيـادة الطلـب السـياحي في مدينـة السـليمانية, ولتحقيـق هـذه الغايـة اعتمـد البحـث منهجـا وصفيـا تحليليـا باسـتخدام اسـتمارة الاسـتبانة. وقـد توصـل البحـث الى نتائـج أهمهـا: أن الإعـلام السـياحي يـؤدي الى زيـادة الطلـب السـياحي بنسـبة عاليـة, أي كلـما زاد الإعـلام السـياحي بنسـبة ١٠٠٪ زاد الطلـب السـيادحي بنسـبة (٩٥,١٪). ويقـترح البحـث زيـادة الاهتـمام بوسـائل الإعـلام السـياحي وترويـج المناطـق السـياحي عـن طريـق مواقـع التواصـل الاجتماعـي لأنهـا تعـد أداة سـهلة ونافـذة للوصـول الى السـياح مبـاشرة وذلـك بهـدف تحقيـق الغايـات الاقتصاديـة للإعـلام السـياحي في مدينـة السـليمانية.

**الكلمات المفتاحية: الإعلام السياحي، الطلب السياحي، مدينة السليمانية.**

## SAbstract:

Tourism media is considered an important factor in increasing investment in the tourism sector and a significant contributor to creating new job opportunities, serving as a strong supporter to strengthen and stimulate the local economy. Additionally, tourism media can potentially impact the increase in tourist income, playing an active role in boosting national income and increasing the share of the tourism sector in total local production. The main aim of this research is to analyze the impact of tourism media on increasing tourist demand in the city of Sulaimani. The research adopted a descriptive-analytical approach using a survey questionnaire to achieve this goal. The research yielded several conclusions, the most noteworthy being that tourism media leads to a

significant increase in tourism demand. Specifically, whenever tourism media increases by 100%, tourism demand increases by 95.1%. The research suggests paying more attention to tourism media tools and promoting tourist areas through social media platforms. These platforms serve as easy and effective tools to directly reach tourists, intending to achieve economic objectives for tourism media in Sulaimani city.

**Keywords: Tourism Media, Tourism Demand, Sulaimani City.**

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا

١- احمد، ژيان محمد (٢٠٠٩), « واقع العرض والطلب السياحيين في محافظة السليمانية», رسالة ماجستير, جامعة السليمانية.

٢- سميرة, عميش (٢٠١٥), «دور إستراتيجية الترويج في تكييف وتحسين الطلب السياحي», أطروحة دكتوراه منشورة, جامعة فرحات عباس- سطيف١.

٣- صليحة، احسن (٢٠١٤), «محددات دالتي الطلب والعرض السياحي» رسالة ماجستير منشورة, جامعة عبد الحميد ابن باديس– مستغانم.

### دووەم: گۆڤار و توێژینەوەی زانستی

١- الاسدي، سالم جعفر عزيز (٢٠١٧), « دور الاعلام في ترويج الاماكن الدينية سياحيا: دراسة ميدانية لمدينة كربلاء المقدسة», مجلة كلية إلإدارة والاقتصاد للدراسات الاقتصادية وإلإدارية والمالية, المجلد (٩), العدد (١), ص ص (١٢٥-١٤٧).

٢- جاسم, سامي مجيد، الجليحاوي ، حمزة عبد عذاب (٢٠١٥), «الخدمات السياحية واثرها في نمو الطلب السياحي, مجلة الإدارة والاقتصاد, السنة الثامنة والثلاثون- العدد مئة وثلاث. ص ص (٣١٢-٣٣٥).

٣- حسين, رفعت عبد الله وشنبي، صورية وبن لخضر، السعيد (٢٠٢١), « النمذجة القياسية للطلب السياحي باستخدام طريقة بوكس جانكينز», المجلة العربية لعلوم السياحة والضيافة والآثار, المجلد (٢) العدد (٣), ص ص (٦٩-٩٢).

٤- رضوان, سلامن (٢٠١٨), « الإعلام السياحي : تحديات ورهانات «, مجلة البدر, المجلد (١٠), العدد (٦). جامعة بشار, ص ص (٦٨٨-٧٠٠).

٥- الزاملي, فيصل كريم هادي و الطائي, حسين منعم خلف (٢٠٢١), « الاعلام السياحي وأثره في التنمية والوعي السياحي في محافظة النجف الاشرف «, مجلة الكلية الاسلامية الجامعة, الجزء (٢) العدد (٦٣), ص ص (٤٢٢-٤٤٤).

٦- سعود, وسيلة (٢٠١٩), « واقع الطلب والعرض السياحي في الجزائر», مجلة التنمية والإستشراف للبحوث والدرا راسات, المجلد (٤) العدد (٧), ص ص ١-٢١.

٧- سعود, وسيلة (٢٠١٩), « واقع الطلب والعرض السياحي في الجزائر», مجلة التنمية والإستشراف للبحوث والدرا راسات, المجلد (٤) العدد (٧), ص ص ١-٢١.

٨- صالح, أوهام سعدالله (٢٠٢١), « قياس أثر محددات الطلب السياحي على أداء القطاع السياحي «, مجلة تكريت للعلوم الإدارية والاقتصادية, المجلد (٧١) العدد (٥٥), ص ص (٧٦-٩٠).

٩- صالح, بهرم محمود ، الصفار, أحمد سليمان ياسين (٢٠٢١), « الطلب على السياحة ونمذجته», مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو, المجلد (٩), العدد (٤), ص ص (٩٢٨-٩٥١)..

١٠- عبد القادر, هدير (٢٠١٤), «دور الإعلام السياحي في صناعة السياحية», مجلة الإعلام السياحي في صناعة السياحية, المجلد (٢), العدد (٢٩), ص ص (١٥٢-١٦٦).

١١- عبد الله, إدريس سليمان و احمد, أسود قادر (٢٠١٨), « دور الإعلام السياحي في التنمية السياحية في إقليم كوردستان-العراق للفترة (٢٠٠٧-٢٠١٤)», مجلة زانكو للعلوم الإنسانية, المجلد (٢٢), العدد (٥), ص ص (٥٢-٦٨).

١٢- العبيدي, حيدر ضياء سلمان (٢٠٢٢), « خدمات الضيافة الفندقية ودورها في حركة الطلب السياحي في محافظة كربلاء «, مجلة علمية نصف سنوية محكمة, المجلد (الثامن), العدد (الثاني), ص ص (٢٠١-٢٢٠).

١٣- عزيز ، زهير عباس (٢٠٢٠), « تأثير خصائص الأعلام الجديد في تعزيز الصورة الذهنية السياحية لضيوف فنادق الدرجة الممتازة في بغداد», مجلة المستنصرية للدراسات العربية و الدولية, المجلد (١٧), العدد (٧١), ص ص (١٧٨-٢٠١).

١٤- علوان, نوفل عبد الرضا و الدباغ، اسماعيل محمد علي وعبد الكريم، اكرم عبد الرحمن (٢٠٠٨), «العلاقة بين العرض والطلب السياحي», مجلة الإدارة والاقتصاد، بحث مقدم الى مؤتمر السياحة الاول في محافظة النجف, العدد الثاني والسبعون, ص ص (٢٠٦-٢٤٦).

١٥- عيساوة, نبيلة (٢٠١٩), « دور الإعلام السياحي في تحقيق تنمية السياحية», مجلة الاداب والعلوم الاجتماعية, المجلد (١١), العدد (١), ص ص (٨-٢٤).

١٦- مقعاش, يوسف و قارش, محمد (٢٠٢٠), « دور الإعلام السياحي في التسويق للجزائر كوجهة سياحية», مجلة الباحث في علوم الانسانية و الاجتماعية, المجلد (١٢), العدد (٢), ص ص (١١٢١-٢١١٧).

### سێیەم: پەرتوک

١- آل دغيم, خالد بن عبدالرحمن (٢٠١٤), «الإعلام السياحي وتنمية السياحة الوطنية», الطبعة الأولى, دار أسامة للنشر والتوزيع, الأردن-عمان.

٢- بابۆڵی, محەمەد (٢٠١٣)، «رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند» چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣- الحوري، مثنى طه، الدباغ، إسماعيل محمد علي (٢٠٠١)، «إقتصاديات السفر والسياحة»، الطبعة الأولى، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان.

٤- الحوري، مثنى طه، الدباغ، إسماعيل محمد علي (٢٠١٣)، «إقتصاديات السفر والسياحة»، الطبعة الأولى، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان.

٥- خطاب، محمد جمال (٢٠١٦)، «الاعلام السياحي والعلاقات العامة»، الطبعة الأولى, دار امجد للنشر والتوزيع, الأردن-عمان.

٦- دانيال, بنيامين يوحنا (٢٠١٠), « السياحة الالكترونية», المطبعة: پێشەوا, المدرية العامة للمكتبات العامة-اربيل.

٧- دانيال, بنيامين يوحنا (٢٠١١), « السياحة الصحية», المطبعة: پێشەوا, المدرية العامة للمكتبات العامة- اربيل.
٨- الزوكة, محمد خميس (٢٠١٢), «صناعة السياحية», دار المعريفة الجامعية, الاسكندرية.
٩- عبوي, زيد منير (٢٠١٦), «مبادىء السياحة الحديثة», دار المعتز, الاردن-عمان.
١٠- ملوخية، أحمد فوزى (٢٠٠٥)، «اقتصاديات السياحة»، الطبعة الأولى، مكتبة بستان المعرفة، مطبعة الأمل-العصافرة, اسكندرية.

## چوارەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان

١- مهدي, لبنى (٢٠٢٠), « ما هو الإعلام السياحي » https://e٣arabi.com ٢٠٢١-١١-٢٨
٢- عواد, منير (٢٠٠٩), « الإعلام السياحي - منتدى علوم الاعلام والاتصال » https://masterfr.ahlamontada.net ٢٠٢٢-٧-٢١
٣- عمر, السيد احمد مصطفى (٢٠١٩), «خصائص الاعلام السياحي» https://almerja.com ٢٠٢١-١١-١٧
٤- النعيمي، مهند سليمان (٢٠٢٣)، « مفهوم الإعلام المتخصص» https://almerja.net ٢٠٢٣-١١-١٨
4- Park, Jihwan (2015)," The Impact of Different Types of Media on Tourists' Behavioral Intentions" 192023-11-https://digitalcommons.fiu.edu/etd

پاشکۆ

تەوەری یەکەم/ راگەیاندنی گەشتیاریی

| ژ | تەوەری یەکەم | (200) N Valid<br>Mode | |
|---|---|---|---|
| ١ | راگەیاندنی گەشتیاریی وێنەیەکی جوانی ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی گواستۆتەوە. | 200 | N Valid |
| | | هاوڕام | Mode |
| ٢ | راگەیاندنی گەشتیاریی ئەلیکترۆنی وەک: (فەیسبوک، ئینستاگرام، سناپ چات، ڤایبەر و ماڵپەڕەکان ....هتد) کاریگەریی گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیاریی. | 200 | N Valid |
| | | بەتەواوەتی هاوڕام | Mode |
| ٣ | راگەیاندنی گەشتیاریی بینراو و وەک: (تەلەڤزیۆن، سینەما، ڤیدیۆ و پێشانگا گەشتیارییەکان ....هتد) کاریگەری گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیاریی. | 200 | N Valid |
| | | بەتەواوەتی هاوڕام | Mode |
| ٤ | راگەیاندنی گەشتیاریی بیستراو وەک: (رادیۆ) کاریگەریی گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیاریی. | 200 | N Valid |
| | | تا رادەیەک هاوڕام | Mode |
| ٥ | راگەیاندنی گەشتیاریی چاپکراو وەک: (گۆڤار، رۆژنامە، پۆستەری گەشتیاریی، پەرتوک و رێبەری گەشتیاریی ... هتد) کاریگەریی گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیاریی. | 200 | N Valid |
| | | تا رادەیەک هاوڕام | Mode |

| ژ | تەوەری یەکەم | (200) N Valid<br>Mode | |
|---|---|---|---|
| ٦ | ڕاگەیاندنی گەشتیاریی لە ڕێی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردنەوە وەک: (ئاسیا سێل، کۆرەک و زەین ... هتد) بە ناردنی پەیام کاریگەری گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیاریی. | 200 | N Valid |
| | | هاوڕام | Mode |
| ٧ | هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی کاریگەریی گەورە و ئەرێنییان هەیە لەسەر درێژیی ماوەی مانەوەی گەشتیار لە شاری سلێمانی. | 200 | N Valid |
| | | هاوڕام | Mode |
| ٨ | ڕاگەیاندنی گەشتیاریی گوزارشت ئەکات لە ڕاستی و دروستی کوالیتی ئەو خزمەتگوزاریانەی لە ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی پێشکەش بە گەشتیاران ئەکرێت. | 200 | N Valid |
| | | هاوڕام | Mode |

تەوەری دووەم/ خواستی گەشتیاریی

| ژ | تەوەری دووەم | (200 ) N Valid<br>Mode | |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕاگەیاندنی گەشتیاریی توانیویەتی سەقامگیری و ئارامیی دۆخی ئاسایشی شاری سلێمانی پیشانبدات و هانی گەشتیارانی داوە بۆ دوبارە گەشتکردنەوەیان لە داهاتودا. | 200 | N Valid |
| | | هاوڕام | Mode |
| ٢ | ڕاگەیاندنی گەشتیاریی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری شاری سلێمانی کاریگەریی گەورە و ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی. | 200 | N Valid |
| | | هاوڕام | Mode |
| ٣ | گرنگیدان بە فێستیڤاڵە نەتەوەیی و کولتوورییەکان لە ڕێی ڕاگەیاندنی گەشتیارییەوە کاریگەریی گەورە هەیە لە هاندانی هاتنی گەشتیاران بۆ شاری سلێمانی. | 200 | N Valid |
| | | بەتەواوەتی هاوڕام | Mode |
| ٤ | ڕووماڵکردنی پێشانگا بازرگانییەکان لەڕێی ڕاگەیاندنی گەشتیارییەوە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی. | 200 | N Valid |
| | | بەتەواوەتی هاوڕام | Mode |
| ٥ | ڕاگەیاندنی کۆمپامیا و نوسینگە گەشتیارییەکان کاریگەریی گەورەیان هەیە لەسەر زیادکردنی خواستی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی. | 200 | N Valid |
| | | هاوڕام | Mode |
| ٦ | ڕاگەیاندنی گەشتیاریی توانیویەتی خزمەتگوزاررییە هەمەجۆرەکان بخاتەڕوو کە، هاندەرە بۆ هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی. | 200 | N Valid |
| | | هاوڕام | Mode |
| ٧ | بەهۆی ڕاگەیاندنی گەشتیارییەوە گەشتیار ناوچە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی دۆزیوەتەوە. | 200 | N Valid |
| | | تا ڕادەیەک هاوڕام | Mode |
| ٨ | ڕاگەیاندنی گەشتیاریی سەرکەوتوبووە لە ناساندنی شوێنەکانی مانەوەی گەشتیار (هۆتێل، مۆتێل، شوقە و گوندی گەشتیاریی) کە، هۆکارە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیار و زیادکردنی خواستی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی. | 200 | N Valid |
| | | هاوڕام | Mode |